ISSN: 1994-4217 (Print) 2518-5586(online)

Journal of College of Education

Available online at: https://eduj.uowasit.edu.iq

# Social Values and Sense of Belonging to the Homeland among University Students

**Dr. Luqman Muhammad Ahmad**

**College Of Education For Human Science**

**Dr.Azhi Hama Qazi**

**College Of Basic Education**

**Email:**
luqman.ahmad@univsul.edu.iq
azhi.qazi@univsul.edu.iq

***Keywords:***

**Values , Social Values, Sense Of National Belonging to homeland , University Students**

CC BY

**Article info**

***Article history:***

Received 10.Sep.2025

Accepted 15.Oct.2025

Published 28.Nov.2025

A B S T R A C T

This research aims to assess the level of social values and the sense of belonging to the homeland among university students in the College of Education – Department of History. To achieve this, the study used a descriptive-analytical method, using a purposive sample of 73 students of both genders from the Department of History at the College of Education for Human Sciences – Said Sadiq, during the 2024–2025 academic year. The researchers reviewed previous studies and related literature and prepared two research instruments: a Social Values Scale and a Sense of Belonging to the Homeland Scale, each consisting of 20 items. After verifying the validity and reliability of the instruments, they were administrated to the sample, and the data were analyzed using appropriate statistical methods The level of social values and sense of belonging to the homeland among the students of the Department of History – College of Education, University of Sulaimani / Said Sadiq – was generally at a good level, according to the mean scores and standard deviations of the scale items. However, some factors showed lower levels on both scales.

© 2025 EDUJ, College of Education for Human Science, Wasit University

**DOI:** https://doi.org/10.31185/eduj.Vol61.Iss3.5102

**القيم الاجتماعية و الشعور بالإنتماء الوطني لدي طلاب الجامعة**

م.د. لقمان محمد احمد ياروەیسی م.د. آژی حمه قاضي
جامعة السليمانية، كلية التربية الإنسانية، سيد صادق جامعة السليمانية – كلية التربية الأساسية

**ملخص البحث**

يهدف هذا البحث إلى التعرف على مستوى القيم الاجتماعية والشعور بالانتماء للوطن لدى طلبة الجامعة – كلية التربية – قسم التاريخ. ولتحقيق هذا الهدف استخدم الباحثان المنهج الوصفي التحليلي، وتم اختيار عينة قصدية من طلبة قسم التاريخ في كلية التربية للعلوم الإنسانية – سيد صادق، بلغ عددهم (٧٣) طالبًا وطالبة من كلا الجنسين للعام الدراسي (٢٠٢٤–٢٠٢٥) اعتمد الباحثان على مراجعة الدراسات السابقة والأدبيات ذات الصلة في هذا المجال، وأعدّا أداتين للبحث الأولى هي مقياس القيم الاجتماعية المكوّن من (٢٠) فقرة، والثانية مقياس الشعور بالانتماء للوطن المكوّن من (٢٠) فقرة أيضًا وبعد التأكد من صدق وثبات الأداتين، تم تطبيقهما على العينة، ثم تحليل البيانات باستخدام الوسائل الإحصائية المناسبةوتوصّل الباحثان إلى مجموعة من النتائج، أهمها: أن مستوى القيم الاجتماعية والشعور بالانتماء للوطن لدى طلبة قسم التاريخ في كلية التربية – جامعة السليمانية/سيد صادق– كان عمومًا بمستوى جيد، وذلك بحسب المتوسطات الحسابية والانحرافات المعيارية لفقرات الأداتين، رغم وجود بعض الفقرات التي حصلت على درجات منخفضة في كلا المقياسين.

**الكلمات المفتاحية:** القيم ، القيم الاجتماعية ، الشعور بالانتماء للوطن ، طلاب الجامعة.

**بەها کۆمەڵایەتییەکان و هەستی پەیوەست بوون بەنیشتیمان لای خوێندکارانی زانکۆ**

د. لقمان محمد احمد ياروەیسی د. ئەژی حمە قاضي
کۆلێجی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان زانکۆی سلێمانی ـ کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی

**پوختەی توێژینەوەکە**

ئامانجی سەرەکی لەم توێژینەوەیە بریتییەلە زانینی (ئاستی بەها کۆمەڵایەتییەکان و هەستی پەیوەست بوون* بەنیشتیمان لای خوێندکارانی زانکۆ – کۆلێجی پەروەردە–بەشی مێژوو)، بۆئەم مەبەستە توێژەران میتۆدی وەسفی شیکاریان بەکارهێنا و نمونەیەکیان لەبەشی مێژوو بەشێوەی مەبەستدار لەکۆلێجی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان– سیدسادق وەرگرت کەپێکهات لە (٧٣)خوێندکار لەهەردوو ڕەگەزی نێر و مێ بۆساڵی خوێندنی (٢٠٢٤–٢٠٢٥)ز، پاشان لەڕێگەی خوێندنەوەی توێژینەوەکانی پێشوو ئەدەبیات لەم بوارەدا دوو پێوەر بەشێوەیەکی سەرەتای بۆ توێژینەوەکە ئامادەکرا یەکەمیان بریتی بوو لە پێوەری بەهاکۆمەڵایەتییەکان لە (٢٠)برگە و دووەمیان بریتیی بوولە پێوەری هەستی پەیوەست بوون بەنیشتیمان لە (٢٠)برگە، هەروەها جێگیری بۆ ئامرازەکان دۆزرایەوە، پاش بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری پێویست بۆشیکارکردنی داتا و زانیارییەکان ، توێژەران ناوەڕۆکی توێژینەوەکەیان خستووەتە ڕوو و گەیشتن بە کۆمەڵێک دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیار لەوانە:

ئاستی خوێندکارانی بەشی مێژوولەکۆلێجی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان– سیدسادق–لەزانکۆی سلێمانی لەبەها کۆمەڵایەتییەکان و هەستی پەیوەستی بەنیشتیمان بەشێوەیەکی گشتی لەئاستێکی باشدایە بەپێی ئاماژەکانی ناوەندی شیاوی برگەکان ئەگەرچی هەندێک لەبرگەکان ئاستێکی لاوازیان وەرگرتوە لەهەردوو ئامرازی توێژینەوەکەدا.

*وشەی پەیوەستبوون بە مانای وشەی( ئینتیماء) هاتووە لەم توێژینەوەدا.

**کلیلەوشەکان:** بەهاکان ، بەهاکۆمەڵایەتییەکان ، هەستی پەیوەست بوون بەنیشتیمان ، خوێندکارانی زانکۆ

**بەشی یەکەم**

**ناساندنی توێژینەوە**

**کێشەی توێژینەوە**

مرۆڤ وەک بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی جێگەی سەرنجی زانایان و فەیلەسوفان توێژەرانی بواری دەروونناسی و کۆمەڵناسی و مرۆڤناسی بووە کە چەندەها توێژینەوەی زانستییان لەسەر لایەنە جیاوازەکانی ئەنجام داوە بە تایبەتی لەو لایەنانەی کە پەیوەستن بە چالاکییەکانی ژیانی و رۆڵی وەک تاک لە ناو کۆمەڵگا لە چوارچێوەی سیستەمی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دیاریکراودا. هەموویان تێکرا بەو دەرئەنجامە گەیشتوون کە مرۆڤ بوونەوەرێکی فرە ڕەهەندە و خاوەنی تایبەتمەندی جیاوازە وە بەردەوام لەگەڵ ژینگەی دەوروبەریدا کارلێک دەکەن وە کاریگەریان لەسەر یەکتر هەیە. بە پێی ئەو ڕەفتارانەی ئەنجامی دەدات. لەم ڕووانگەوە سروشتی مرۆڤ لە بنەڕەتدا سروشتێکی کۆمەڵایەتییە بۆ تێگەیشتن لە ڕۆڵی تاک لە ناو کۆمەڵگادا پێویستمان بە تێگەیشتن لە بەها کۆمەڵایەتییەکان و یاساکانی ناو بەهاکان هەیە کە تاک ڕەفتاری پێ ئەنجام دەدات کە یارمەتی دەدات لە خۆگونجاندنی دەروونی و کۆمەڵایەتی وە پابەند بوون بە ڕێسا و یاساکان.

مرۆڤ بەردەوام هەوڵ دەدات لە ڕێگەی پەروەردەوە ئەم ڕێسا و یاسا کۆمەڵایەتییانە کە بە بەهاکان ناسراون لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر بگوێزێتەوە بۆ پاراستنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە مەترسی هەڵوەشان و لادان و لەناوچوون،

پاراستنی کۆمەڵگا لەو چوارچێوە جوگرافییەی کە بە نیشتمان ناسراوە بەرپرسیاریەتی تاکە وەک هاوڵاتی بەرامبەر بە کۆمەڵگای وڵاتەکەی .

بێ گومان هەست کردن بە ئینتیما بە یەکێک لە هەستە گرنگەکان لای تاک هەژمار دەکرێت . بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا ئەم هەستە بەرەو کاڵبوونەوە و لاوازی دەڕوات ، لە ئەنجامی ئەو فشارە جۆراوجۆرانەی لەسەر تاک بە گشتی و لای خوێندکاری زانکۆ بەتایبەتی هەیە . دەرەنجامی هەست کردن بە بێزاری و نائومێدی بەهۆی کەمی ئاستی وشیاری سەبارەت بە ئینتیما ، هەروەها ئەو واقیعە کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگاکانی ئێمەدا هەیە کە پێکهاتەیەکی نا سەقامگیری ، بەڵکو پشێویەکی گەورەیە لە هەست کردن بە ئینتیمای نیشتمانی لای خوێندکارانی زانکۆ . بەو پێیەی توێژەران خۆیان مامۆستای زانکۆن و بە بەردەوامی لە ناو خوێندکارانن ئەو هەستەیان بۆ دروست بووە کە تێبینی بکەن خوێندکاران بیرکردنەوەی نەرێنی و بێباکی و هەست بە نامۆبوون لە زێدی خۆیان هەیە کە لەم دواییانەدا سەری هەڵداوە ، نەبوونی سەرچاوەی ژیان ونادادی و بێکاری، وکرانەوە بەڕووی وڵاتانی جیهان و گەشەپێدانی تەکنەلۆژی، هەموو ئەمانە کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان لەسەر لاوازبوونی هەستی ، بەهای کۆمەڵایەتی و ئینتیمای نیشتمانی هاوڵاتیبوون هەیە

ئەم لاوازبوون و کاڵبوونەوە بەها کۆمەڵایەتییەکان و هەستی ئینتیمای نیشتمانی لای خوێندکاران زیاتر دەگۆڕێت بۆ پەیوەست بوونی تاک بە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیەوە، ڕەنگدانەوەی پشتکردنە پاراستنی بەرژەوەندی گشتی و بەرەو پێش بردنی نیشتمان و پەرەپێدانی سیستەمی نیشتمانی وە پاراستنی مافەکان و دروست کردنی هاوڵاتییەکی قوربانی دەر کە توانای ڕووبەڕوو بوونەوەی ئاستەنگەکانی هەبێت کەم بووەتەوە.کە ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ هەموو ئەوهۆکارانەی کەباسکران وای کرد توێژەران بگەڕێن بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارە سەرەکیەدا(ئاستی بەها کۆمەڵایەتییەکان و هەستکردن بەئینتیمای نیشتیمانی لای خوێندکارانی کۆلێجی پەروەردە- بەشی مێژوو لەچ ئاستێکدایە؟)

**گرنگی توێژینەوە**

زانکۆ لە دامەزراوەکانی دیکە بەوە جیا دەکرێتەوە، لەسەر بنەمای پاککردنەوە و شەن و کەو کردنی کولتوور لە گەندەڵی و لادانەکان. بۆیە زانکۆ بە ژینگەیەکی گونجاو و پەروەردەی دادەنرێت بۆ پەرەپێدانی بەهای کۆمەڵایەتی و ئینتیمای نیشتمانی ، بەو پێیەی کەلتوورێکی هۆشیار دروست دەکات سەبارەت بە چەمکەکانی دیموکراسی و دادپەروەری و یەکسانی.

هاوشانی ئەزموونی ئەو گەلانە کە لە پێشکەوتنی کۆمەلایەتی و سیاسیدا هەنگاویان ناوە. لەبەر ئەوەی خوێندکاران پێکهاتەی سەرەکین لەناو دامەزراوەی زانکۆدا، پێویستە بەهای کۆمەلایەتی و ئینتیمای نیشتمانی لە کەسایەتی خۆیاندا بچێنن، ئەو ئەرکە نیشتمانییە پشتڕاست بکرێتەوە کە دامەزراوەی زانکۆ ڕۆڵی هەیە لە دروست کردنی گونجانی کۆمەڵایەتیدا گرنگی بابەتی بەها کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەست بوون بە شێوەیەکی گشتی پەیوەست بوون نیشتمانی بە شێوەیەکی تایبەت بەردەوام جێگای گرنگی پێدانی زانایانی بواری دەرونزانی و کۆمەڵناسی و پەروەردە و مێژوو و ڕامیاری بە چەمکی بەها و پەیوەست بوون ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئاڕاستە جیهانیەی کە بەرەو دیموکراسی و کرانەوە و ڕێزگرتن لە جیاوازی ئاین و ڕەنگ و بیر و باوەڕ دەڕوات وە گرنگی ئینتیما لەوەدایە کە وەک گەرەنتیەک وایە بۆ پەیوەندیە کۆمەڵایەتییە هاوبەشەکان کە تاک وا لێ دەکات تێگەیشتنێکی جیاوازی بێت کە هەمیشە چێژ وەردەگرێت لەو کارانەی کە لە پێناوی کۆمەڵدا دەیکات و سوربێت لەسەر گیانی هەرەوەزی و هاوکاری و قوربانی دان وە دوورکەوتنەوە لەم کارانە تاک توشی دابران دەبێت لە کۆمەڵگا .

کۆمەڵگا تووشی چەندین قەیرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بووە کە هەستی ئینتیمای نیشتمانی لەناو کۆمەڵگەدا لاواز کردووە. یەکێک لەو بوارانەی کە زۆرترین کاریگەری ئەم قەیرانانەی لەسەرە، دامەزراوەی زانکۆیە ، کە یەکێکە لە گرنگترین بوارەکانی ململانێی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا،. سیستەمی پەروەردەیی لە هەر کۆمەڵگایەکدا ڕۆڵی زۆر و هەمەچەشن دەگێڕێت، کە لە دارشتنی هۆشیاری هاوڵاتیان و چاندنی بەها و لێهاتوویی و زانستیان تێدا دەردەکەوێت کە زۆرجار لەگەڵ سروشتی سیستەمی سیاسیدا دەگونجێت. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە سیستەمی سیاسی سیستەمی پەروەردەیی بۆ گەیشتن بە ئامانجە تاکەکەسییەکان و کۆمەڵایەتییەکان دادەمەزرێنێت، کە هەموو ئەمانە هەوڵی پێشکەوتنی کۆمەڵگا دەدەن لە ڕێگەی تاکەکانەوە کە بە شێوەیەکی تایبەت ئامادە دەکرێن و ڕاهێنانیان پێ دەکرێت ، بە گرنگی دان بە بەهاکانی هاووڵاتیبوون ، لەوانە گفتوگۆ، ئازادی، پێکەوەژیان، یەک ڕیزی ، یەکتر قبوڵ کردن، و ئاشتی)، ئەم بەهایانە لە گرنگترین پێداویستییەکانی کۆمەڵگا مۆدێرنەکان بە گشتی هۆشیاری نیشتمانی لە نێو خوێندکاراندا بەرز دەکەنەوە.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە هەردوو لایەنی تیۆری و پراکتیکیدا لەم خاڵەنەی لای خوارەوەدا دەردەکەوێت :

**لایەنی تیۆری:**

١- دەرەنجامی توێژینەوە گرنگە بۆ پسپۆران و توێژەرانی بواری دەروونی و پەروەردەی و مێژووی بۆ ئەنجام دانی توێژینەوەی زیاتر ، ڕەنگە کەلێنێک پڕ بکاتەوە بۆ توێژەرانی ئەم بوارە سوودی لێ ببینن .

٢- خوێندکارانی زانکۆ ،لە ژیانی ئەکادیمی زانکۆدا بەردەوام بەرکەوتەیان هەیە لەگەڵ چەمکی بەها و بەتایبەت بەهای کۆمەڵایەتی و بابەتی ئینتیما .

٣- ئەم توێژینەوەیە گرنگە بۆ کاربەدەستانی و پسپۆڕانی بواری پەروەردە و چۆن بتوانن یارمەتی خوێندکاران بدەن لە دروست کردنی پەیوەست بوونی نیشتمانی و بەدەست هێنانی دەستکەوتی ئەکادیمی و زانستی لەم بوارەدا .

**لایەنی کرداری:**

١- ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بەسوودە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان هەر لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و مامۆستایان و ڕێنماکارانی پەروەردەی و دەروونی بۆ دارشتنی بەرنامەی ڕاوێژکاری گونجاو و ڕێنمایی بەسوود بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ بەهای کۆمەڵایەتی و پەیوەست بوونی نیشتمانی لای خوێندکارانی زانکۆ .
٢- ئەنجامی ئەم توێژینەوە گرنگە بۆ خوێندکاری زانکۆ بتوانێت بەردەوام بێت لە دروست کردنی هیوا و بڕوا بەخۆبوون و ڕێزگرتن لە بەهاکان بەتایبەتی بەهای کۆمەڵایەتی و پەیوەست بوون بەگشتی و پەیوەست بوون نیشتمانی بەتایبەت .
٣- دەرخستنی ڕێژەی بەهای کۆمەڵایەتی و ئینتیمای نیشتمانی و یەک لای کردنەوەی بوون و نەبوونی لەنێو خوێندکارانی زانکۆدا .

**ئامانجی توێژینەوەکە**

- زانینی ئاستی بەها کۆمەڵایەتییەکان لای خوێندکارانی کۆلێجی پەروەردە-بەشی مێژوو
- زانینی ئاستی هەستی پەیوەستی بەنیشتیمان لای خوێندکارانی کۆلێجی پەروەردە-بەشی مێژوو
- زانینی ئاستی بەها کۆمەڵایەتییەکان و هەستی پەیوەستی بەنیشتیمان لای خوێندکارانی کۆلێجی پەروەردە- بەشی مێژوو بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (کوڕ -کچ)
- زانینی هەستی ئاستی بەها کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەستی بەنیشتیمان لای خوێندکارانی کۆلێجی پەروەردە- بەشی مێژوو بەپێی گۆڕاوی جوگرافی (ناوشار - دەرەوەی شار )

**سنووری توێژینەوەکە**

١- سنووری مرۆیی: خوێندکارانی قۆناغی چوارەمی کۆلێژی پەروەەردە بۆ زانستە مرۆڤایاتییەکان - سیدسادق .
٢- سنووری جوگرافی: خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایاتییەکان - سیدسادق - زانکۆی سلێمانی
٣- سنووری کات: ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥)ز .
٤- سنووری بابەتی: بریتیە لە پێوانە کردنی ئاستی (بەهای کۆمەڵایەتی و پەیوەست بوونی نیشتمانی) لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایاتییەکان - سیدسادق - زانکۆی سلێمانی.

**ناساندنی چەمک و زاراوەکان**

بەهاکان: پێناسەی جابر (٢٠٠٤) بۆ بەهاکان بریتییە لە ئەو حوکمەی کە مرۆڤ دەیدات لەسەر شتێکی دیاریکراو ، کە پشت بە کۆمەڵێک بنەما و پێوەر دەبەستێت کە لەلایەن ئەو کۆمەڵگەوە دیاری دەکرێت کە تێیدا دەژی ، لە ئەنجامدا دیاری دەکات کە چی خوازراو و نەخوازراوە لەو کۆمەڵگەیەدا "(جابر ،٢٠٠٤،ل ٢٨٨).
پێناسەی ڕێکاری توێژەران بۆ بەهاکان(چەمکێکە کەپەیوەندی ڕاستەوخۆی بەناخ و دەروونی مرۆڤەوە هەیە و لەڕێگەیەوە بڕیار دەدرێت کەلەم توێژینەوەیەدا پەیوەندی بەخوێندکارانی بەشی مێژوو لەکۆلێجی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکانەوە هەیە)
بەها کۆمەڵایەتیەکان: وەک بێرتا فریدمان لە کتێبەکەیدا بەناوی بنەماکانی بەهاکان پێناسەی دەکات، " بەهای کۆمەڵایەتی لای تاک بریتیە لە هەستەکان و ئاڕاستەکان و ئامادەباشی و چالاکییەکان وهەڵوێست و ئارەزووی ئەنجام دان یان کۆتایی هێنان یان پەسەندکردنی یان هەڵسەنگاندنی ڕەفتارێک . (زبیدی،٢٠٠٣،ل١٣٨)

پێناسەی ڕێکاری توێژەران بۆ بەهاکۆمەڵایەتییەکان(توانای مرۆڤە بۆهەڵسەنگاندن یان ئارەزووی ئەنجامدان بەپەسەندکردن یان کۆتای هێنان بەرەفتارێک کەلەم توێژینەوەیەدا بڕیادانە بەئەنجامدان یان ئەنجام نەدانی ئەورەفتارانەی کەلەپێوەری بەهاکۆمەڵایەتییەکاندا دیاریکراوە)

هەستی پەیوەست بوون: پێناسەی مەکالڤین و گرۆس (٢٠٠٢): هەوڵەکانی تاک بۆ پاراستنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کەسانی دیکە و دانانی کاریگەری لەسەریان لە ڕێگەی پاڵپشتی کۆمەڵایەتی و دەروونیەوە کە ئەم پەیوەندییانە دروستی دەکەن جا پاڵپشتی سۆزداری بێت یان قەدرزانی بێت یان ڕێزگرتن و گرنگی پێدانی کۆمەڵایەتی یان ڕاوێژی کۆمەڵایەتی بێت. (مەکالڤین و گرۆس، ٢٠٠٢، ل ٢٢) .

زەهران (٢٠٠٤) پێناسەی هەستی پەیوەست بوون بە نیشتمانەوە (ئینتیمای نیشتمانی ) بەم شێوەیە کردووە:- بریتی یە لەو هەستەی کە خۆشەویستی و یەکتر قبوڵکردن و پەیوەندییەکی نزیک بە گروپەوە لەخۆدەگرێت. پێویستی مرۆڤ تێر دەکات لە پەیوەندیکردن لەگەڵ کەسانی دەوروبەری و یەکگرتن لەگەڵیان، بۆ بەدەستهێنانی مافی ئەندامییەتی قبوڵکراو و هەستکردن بەوەی تاک پێگەیەکی شیاوی هەیە لە ژینگەی کۆمەڵایەتی دا. ڕەنگدانەوەی ئەم پەیوەست بوونە لە پەیوەست بووندا دەردەکەوێت کە تاک هەیەتی بۆ نیشتمانەکەی وە هەروەها پەیوەست بوونی بۆ زێدی خۆی کە تێیدا دەژی لەگەڵ ئەو هاونیشتمانیانەی کە نیشتەجێی هەمان وڵاتن (زەهران،٢٠٠٤،ل ١٣٧).

پێناسەی ڕێکاری توێژەران بۆ هەستی پەیوەست بوون بەنیشتیمان (خۆشەویستی و دەربڕینی تاکە بۆنیشتیمان ئەم کردارەش لەڕێگەی خودی خۆی بێت یان لەڕێگەی یەکگرتن لەگەڵ هاوڕێ و هاوپۆلەکانی ئەنجام دەدرێت کەلەم توێژینەوەیەدا لەڕێگەی پێوەری هەستی پەیوەست بوون بەنیشتیمان لای خوێندکارانی بەشی مێژوو دەپێورێت).

**بەشی دووەم**

**چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو**

**چەمکی بەها کۆمەڵایەتییەکان و تایبەتمەندییەکانی**

مەبەست لەبەهاکان کۆمەڵێک پێوەر و پرەنسیپە کەلای تاک دیاری دەکرێت لە ڕێگەی هەڵوێست و شارەزای کارلێککردنی لەگەڵ دۆخ و ئەزموونە تاکەکەسییەکان و کۆمەڵایەتییەکان پێکدێت، وای لێدەکات ئامانج و ئاراستەکان بۆ ژیانی خۆی هەڵبژێرێت کە بە شایستەی بەکارهێنانی تواناکانی خۆی دەزانێت، و لە ڕێگەی بەرژەوەندییەکان، ڕەوتەکان، یان ڕەفتاری زانستی یان زارەکی یەوە بەرجەستە دەکرێت، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ." (العجرمی، ٢٠١٢، ل ٢٨)

بەها کۆمەڵایەتیەکانیش بریتیە لە کۆمەڵێک پێکهاتەی ڕۆشنبیری هاوسەنگی کۆمەڵایەتی کە پەیوەستە بەو شتانەی کە خەڵک بەکاری دەهێنن، هەیانە و چی دەیکەن، و بیروباوەڕەکان لەخۆ دەگرێت سەبارەت بەوەی چی خوازراوە و چی نەخوازراوە، بەڕێوەبردنی پەیوەندی نێوان تاکەکان و خۆیان و ئەوانی تر، و ڕەنگدانەوەی لە هەڵسوکەوتی تێبینیکراودا."(ولید و ئەوانی تر ،٢٠١٧،ل١٦٣)

**گرنگترین تایبەتمەندیەکانی بەها کۆمەڵایەتییەکان بریتین لە:**

١- بەها کۆمەڵایەتییەکان بریتین لە مەعریفەیەکی ئەخلاقی کە گوزارشت لە بیرۆکەیەکی نموونەی دەکات، لەبەر ئەوەی کلتوری سیاسی ئامانجێکی نموونەی بۆ ئەم مەبەستە دادەنێت.

٢-بەها کۆمەڵایەتییەکان بریتین لە مەعریفەی فەلسەفی: سەرچاوەی سروشتی فەلسەفە دیاردەی بەهاکانە و لە خودی سروشتی خۆیەوە سەرچاوە دەگرێت وەک چەمکێک.

٣- بەها کۆمەڵایەتییەکان گوزارشت لە تایبەتمەندییە شارستانییەکان دەکەن. لە هەموو سەردەمێکدا تێروانینێکی تەواو لە چەمکی بەهاکاندا هەیە، کە چی قبوڵکراوە و چی قبوڵنەکراوە. ئەم بەهایانە تایبەتمەندی شارستانی دیارکراوی خۆیان هەیە کە سەرچاوە لەو شارستانیەتەوە وەردەگرن کە لەو ڕۆژگارەدا مرۆڤ تێیدا دەژی.

٤-بەها کۆمەڵایەتییە گشتی یەکان ، ئەم بەهایانە گشتین و زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا دەگرێتەوە.

٥- بەها کۆمەڵایەتییە مرۆڤایەتییەکان ، ئەم بەهایانە تایبەتن تەنها بە مرۆڤ و بەهای مرۆڤایەتین.

٦- بەها کۆمەڵایەتی پەیوەست بە بیرۆکە و ئایدۆلۆژیا و ئەو پرەنسیپانەی کە لە کۆمەڵگادا قبوڵکراون: ئەمانە ئەو ڕێبازە دیاری دەکەن کە مرۆڤ دەیگرێتە بەر بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی.

٧- بەها کۆمەڵایەتییەکان تایبەت بە سەقامگیری ڕێژەیی ، بەڵام گۆڕانکارییان بەسەردا دێت: ئەو بەهایەی لە لە شوێنێکدا بە گونجاو دادەنرێت لەوانەیە لە شوێنێکی تردا بە نەگونجاو ئەژمار بکرێت .

٨- بەها کۆمەڵایەتییەکان بریتین لە ڕێسا و یاسا گشتییەکانی کۆمەڵگا : کە پێناسەی ڕەفتاری تاک دەکات لە بارودۆخە جیاوازەکاندا و ڕێنمایی ڕەفتاری تاک دەکەن بە پێی هەڵوێستە جیاوازەکان ، وە جیاوازی دەکەن لە نێوان ڕەفتاری قبوڵکراو و قبوڵنەکراو، هەروەها جەخت لەسەر ئامانجە درێژخایەنەکان دەکەنەوە کە تاکەکان دایاننناوە نەک ئامانجە لاوەکییەکان(السيد،٢٠٠٥، ل ١٩).

## گرنگی بەها لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵگا

- **گرنگی بەها لەسەر ئاستی تاک:**

١- ئەو بەهایانەی وادەکەن کە تاک بتوانێت ئەو کارە ئەنجام بدات کە لێی دەخوازرێت و ویستی بەدەستهێنانی پێدەبەخشێت بۆ خۆگونجاندن و ڕازی بوون لە خود لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی بۆ ئەو پرەنسیپانەی گروپ یان کۆمەڵ باوەڕی پێیەتی.

٢- هەستی دڵنیایی بۆ تاکەکەس دەڕەخسێنن و هەلی گونجاو بە تاک دەبەخشن بۆ دەربڕینی ناخی خۆی، هەروەها یارمەتی دەدەن لە تێگەیشتن لە جیهانی دەوروبەری.

٣- ڕێنمایی تاک دەکەن لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخەکانی داهاتوو و یارمەتی دەدەن بیر لەوە بکاتەوە کە دەبێت چی بکات لە وەڵامی ئەو دۆخ و ڕووداوانەدا.

٤- یارمەتی تاک دەدەن کە ئارەزووەکانی کۆنترۆڵ بکات بۆ ئەوەی زاڵ نەبن بەسەر دەروون و ویژدانیدا.

- **گرنگی بەها لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی:**

١- پارێزگاری لە نموونە باڵاکان و پرەنسیبە جێگیرەکان لە کۆمەڵگادا دەکەن و پشتگیری لە یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و سەقامگیری ڕێژەیی پراکتیزەکردنی ژیانێکی کۆمەڵایەتی تەندروست دەکەن.

٢- کۆمەڵگا لە خۆپەرستی لە ڕادەبەدەر و مەیل و ئارەزووی بێباکانە پاک دەکەنەوە.

٣- کۆمەڵگا ئەگەر ئەندامەکانی پەیوەست بن بە بەها ڕەوشتییەکان ئەو کۆمەڵگایە بەرەو شارستانییەت و پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی هەنگاو دەنێت.

٤- بەهاكان كار لەسەر يەک ڕیزی کۆمەڵگا دەکەن، چەند پەیوەست بن بە بەهاکان و پارێزگاری لێ بکەن ئەوەندە پەیوەندییەکە زیاتر و بەهێزتر دەبێت ، بەپێچەوانەوە تاوەکو پەیوەست بوون بە سیستەمی کۆمەڵایەتی و بەهاکان کەم ببێتەوە ئەوەندە هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگا زیاتر دەبێت.

٤-بەهاکان دەتوانێت لە بواری ڕێنمایی و ڕاوێژکاری دەروونی و هەڵبژاردنی کەسانی گونجاو بۆ لایەنی گونجاو و پەیوەندیدار دیاری بکات، وەک زانایانی ئایینی، پەروەردەکاران، دەروونناسان، چاکسازیخوازانی کۆمەڵایەتی و ئەوانی دیکە کەڵکی لێ وەربگیرێت (الرؤوف و المصری، ٢٠١٣،ل ١٩-٢٠).

**پۆلێنکردنی بەها کۆمەڵایەتییەکان:**

بەها کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییان لەسەر ئایندەی کۆمەڵگا و ژیانی تاکەکان هەیە، وەک یەکسانی لە ماف و ئەرکەکاندا کە گرنگترینیان لەم بەهایانەی لای خوارەوەدا ڕوون کراونەتەوە:

١- بەها ئەخلاقییەکان: ئەمانە ئەو بەهایانە دەگرێتەوە کە پێوەرەکانی ڕاست و هەڵە لە کۆمەڵگادا بەسەریاندا جێ بەجێ دەبێت ، وەک: ڕاستگۆیی، متمانە، جێبەجێکردنی بەڵێنەکان، ڕێزگرتن لە گەورەکان و خیانەت نەکردن.

٢- بەها ئابوورییەکان: ئەو بەهایانە دەگرێتەوە کە پەیوەستن بە لایەنە ئابوورییەکان، وەک بەهاکانی وەبەرهێنان، سوود، قازانج، ئاسایشی ئابووری، بەرهەمهێنان، زێدەبای، سەرمایە و پارە.

٣- بەها جوانیناسیەکان: ئەو بەهایانە دەگرێتەوە کە سروشتی پەیوەندیەکان دیاری دەکات لە ڕەگەزە مادی و مەعنەویەکاندا لەسەر بنەمای نێوان توخمە ماددیەکان یان ئەخلاقییەکان لەسەر بنەمای گونجاوی دیاری دەکرێن، وەک: جوانی شێواز ، جوانی ڕۆح، هۆنراوە ، هونەر ، تابلۆی جوانی سروشت، هەماهەنگی ڕەنگەکان و هتد.

٤- بەها ڕامیارییەکان : ئەو بەهایانە دەگرێتەوە کە لایەنە ڕامیاریەکان دیاری دەکات وەک دەسەڵات، ئازادی، دیموکراسی، ئازادی بیروڕا، ڕاوێژکاری، هەڵبژاردن و دادپەروەری.

٥- بەها ئاینییەکان: ئەو بەهایانە دەگرێتەوە کە پەیوەستە بە سروشتی ئاینی وەک خێرخوازی ، حەق خوازی، باوەڕهێنان، ڕۆژوو، نوێژ و پەرستن.

٦- بەها عەقڵییەکان: ئەو بەهایانە دەگرێتەوە کە لە ئەنجامی پێویستییەوە سەرهەڵدەدەن وەکو زانست ، مەعریفە چونکە زانست و مەعریفە هەردووکیان بەنرخترین پێداویستین.

٧- بەها سۆزدارییەکان: ئەو بەهایانە دەگرێتەوە وەک سۆز و خۆشەویستی، بەزەی پێدا هاتنەوە، پەیوەندی نێوان کەسەکان و قبوڵکردن.

٨- بەها جەستەییەکان: ئەو بەهایانە دەگرێتەوە کە پەیوەندیان بە لایەنی جەستەیی و تەندروستییەوە هەیە، وەک تەندروستی و ئاسوودەیی و سەلامەتی جەستەیی و وەرزشکردن.

٩- بەها پیشەییەکان: ئەو بەهایانە دەگرێتەوە کە پەیوەندی بە بەهای کار کردن و پیشەییەوە هەیە، وەک ڕێزگرتن لە پیشە سەرکەوتووەکان و گەشەپێدان و پێشخستنی پیشەکان .

١٠- بەها کۆمەڵایەتیەکان: ئەو بەهایانە دەگرێتەوە کە پەیوەندی بە ئایندەی کۆمەڵگا و ژیانی کۆمەڵایەتی تاکەکانەوە هەیە وەک هاوسەرگیری، بەختەوەری خێزان، پەروەردە، سەقامگیری خێزان، ئاسایشی کۆمەڵایەتی (کمونە،١٩٨٨، ل ٨)

**بیردۆزەکانی لێکدانەوەی بەهاکان**

**١ –بیردۆزی خودی**

یەکێک لەو زانایە بەناوبانگانەی کە نوێنەرایەتی ئەم ڕێبازە دەکات بۆ شیکردنەوەی بەهاکان (ئیمیل دورکهایم)ە بە یەکەم کەس دادەنرێت کە لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر بەهاکان کردووە تێروانینی دورکهایم بۆ بەهاکان تێروانینێکی خودیە ئەو بۆچوونەی ڕەتکردەوە کە بەهاکان حوکمگەلێکی جیاوازن لە سەر تاک، پەیوەندی بە جۆری بابەتەوە هەیە یان پەیوەستە بە تایبەتماندی ئەو شتەی کە وەسفی ئەکەین بە واتایەکی تر بەهاکان بەوە دەناسرێنەوە کە سیفەتێکی سەربەخۆیان هەیە کە جیاوازن لە چۆنیەتی هەست پێ کردن بۆیان لە کاتی بڕیارداندا.

بەڵگەی دورکهایم بۆ ڕەتکردنەوەی ئەم بۆچوونە پێی وا بووە کە هیچ پەیوەندیەک بابەتی بوونی نیە لە نێوان تایبەتماندیەکاندا بە واتە هیچ پەیوەندییەک لە نێوان تایبەتمەندییە بابەتییەکان و شتەکان و بەهاکان دا نی یە. جەختی لەوە کردەوە کە بەهاکان هەڵسەنگاندنێکی سنووردارە بۆ شتەکان، بەبڕوای دورکهایم بەها لە ئەنجامی ئەو پەیوەندییەوە دێت کە شتەکان بە دەرکەوتە جۆراوجۆرەکانی بە (نموونەی باڵا )وە دەبەستێتەوە.

بە بڕوای دورکهایم، بەهای شتێک تەنیا لە ڕێگەی هەندێک بیرۆکە و ئایدیای نموونەییەوە دیاری دەکرێت، وێناکردنی بە کۆمەڵ لای دورکهایم ڕاستی تێدایە و پەسەندە. ئەم ئایدیالانە پەیوەندییەکی نزیکیان بە ژیانی پراکتیکی مرۆڤەکانەوە هەیە و لە خودی ژیان دابڕاو نین. بە تێروانینی دورکهایم کۆمەڵگا بەبێ سەرهەڵدانی ئایدیاڵەکان ناتوانێ پێک بێت و بەردەوام بێت و بەهاکان دەگۆڕێن و دەگۆڕدرێن، چونکە لە سروشتی خودی شتەکانەوە لە جیهانێکی واقیعیدا سەرهەڵدەدەن (عبدالرحمان،٢٠٠٧، ل ١٨٠).

**٢ – بیردۆزی مەعریفی**

زانایانی قوتابخانەی مەعریفی کە پێشەنگەکەیان ژان بیاژێیە پێیان وایە بەدەستهێنانی بەهاکان لەسەر بنەمای گۆرانکاری لە پێکهاتەی مەعریفیدا دامەزراوە، هەروەها ڕێبازی مەعریفی ڕۆڵی هۆشیاری و پەی پێبردن و تێگەیشتن ئاشکرا دەکات کە ئەم چوارچێوە مەعریفیەڕۆڵی هەیە لە دروست کردنی بەهاکاندا (محمد، ٢٠٠٤، ل٤١) . هەروەها بیاژێ پێی وایە کە گرنگییەکی بەرفراوانی هەیە بۆ لێکۆڵینەوە و بڕیاردان لە حوکم و یاساکانی منداڵ لە پەرەپێدانی بەهاکان و ئەخلاق دا ، بەو پێیەی منداڵ پێویستی بە گەورەکان نییە بۆ زانین و پەرەپێدانی بەهاکان، بەڵکو لە ڕێگەی بیرکردنەوە لای منداڵ خۆی بەهاکان فێردەبێت لە ڕێگەی پرسیار کردن و پاداشت و هەڵەکان . ئەمانە یاسا و حوکم نین بەڵکو پەیوەندیەکی توند و تۆڵیان هەیە بە بیرکردنەوەی منداڵەوە، بەو پێیەی ڕەق نین، بەڵکو گۆڕاو و نەرمن، و دەرئەنجامی ئەو هۆکارە ژینگەییانەی دەوروبەری منداڵن، لە گۆڕاو و وروژێنەر کە بەرکەوتەی منداڵ دەبێت یان کە دەبنە هۆی وەڵامدانەوەیەکی دیاریکراو کە بەسەریدا دێت. و ڕووبەڕووی وەڵامێکی دیاریکراو دەبێتەوە لە ڕێگەی بیرکردنەوە بۆ دروست کردنی پەیوەندییەکی کۆمەلایەتی گونجاو و توانا سۆزداری و عەقڵییەکانی ئەنجام دەدرێت. (محمد،٢٠٠٤،ل٢١).

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم تەوەرە (بیاژی) لە گریمانەی دووەمدا دەڵێت : لە هزر و بیری منداڵ منی (سێنتراڵ) هەیە ، واتە لە هزر و بیری منداڵ ئارەزووی سەربەخۆی لە بڕیاردانداا هەیە ، بە واتایەکی دیکە لە هزر و بیری منداڵ هیچ هیچ روانگە و بۆچوونێکی پێچەوانە یان جیاواز لە ڕگەیوانگە و بۆچوونی ئەو نییە ، ئەم ئارەزوو و بۆچوون و ئاڕاستەی منداڵ هەیەتی ، لە ڕێگایەوەی شێوە و ئاراستەی بڕیارەکانی دیاری دەکات و بە شێوەی پراکتیکی یان ئەنجامیان دەدات ، هەروەها ئارەزوو و ئاراستەکانی منداڵ پرەنسیبی تێگەیشتنیان و ئاستی ژیریەتی ، هاوکات ژیری منداڵ دابەش دەکات بەسەر ئەو ژینگەیی تیایدا دەژی، بەپێی ئەو کارامەیی و ئەزموونە خودیەی هەیەتی (د. یوسف قطامی، ٢٠٠٠ ، ل٢٢–٢٥).

**٣- بیردۆزی کارایی (وەزیفی)**

ڕێبازی وەزیفی ئەم تیۆرە لەسەر کۆمەڵێک گریمانە و لێدوان دامەزراوە وەک لایەنێکی سیستەمی کۆمەڵایەتی لە بەهاکان دەڕوانێت کە کارلێک دەکات و پشتگیری لە توخمەکانی دیکەی سیستەمەکە دەکات، یارمەتیدەرە بۆ پاراستنی هاوسەنگی و سەقامگیری کۆمەڵگا، بەمەش هاوسەنگی کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵگا بە گشتی دەستەبەر دەکات. (ابراهیم،٢٠٠٣،ص٢٨٤)

هەر ناهاوسەنگییەک یان گۆڕانکارییەک لە سیستەمی بەهاکان دا ڕووبدات گۆڕانکاری لە توخمەکانی تری سیستەمەکەدا بەدوای خۆیدا دێنێت. لە ئەنجامدا تاکەکان دەبێ سیستەمی بەهای باو لە کۆمەڵگادا بپارێزن. ئەمەش وایکرد ئەمێل دورکهایم جەخت لەوە بکاتەوە کە بەهاکان هاوشێوەی هەموو دیاردەکانی مرۆڤن؛ ئەوان لەلایەن کۆمەڵگاوە دروست دەکرێن و لە ڕێککەوتنێکی کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوە دەگرن. (رزفبر،٢٠٠١،ص٢٦).

بەهاکان و پێوەرەکان و چوارچێوە کولتوورییەکان بەشێوەیەکی گشتی زۆر گرنگن، بەهۆی ئەوەی توانای دروستکردنی کرداری کۆنترۆڵ کردنی کۆمەڵایەتیان هەیە لە لایەک، وە لەلایەکی ترەوە توانای دەستەبەرکردنی سەقامگیری و هاوسەنگی و گونجاندنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیان هەیە؛ کە کۆمەڵگا وەک زانا پارسۆنس دەیبینێت ئەمە یەکێکە لە سیستەمەکانی کردار لە کۆمەڵگا (زاید،١٩٩٤،ل ٩٤).

**چەمکی هەستی پەیوەست بوون بەنیشتیمان و تایبەتمەندییەکانی**

هەستی پەیوەست بوون بەنیشتیمان لەتێڕوانینی زانایان و پسپۆڕانەوە یەکێکە لەبابەتە گرنگەکان بۆیە بەتێڕوانینی زانا "کرۆبەر" بریتیە لە کۆمەڵێک شێوازی ڕەفتار و بیر و ڕا ڕۆشنبیری کە تاکەکان لە ڕێگەی کۆمەڵگاوە بەدەستی دەهێنن، کە باوەڕیان پێیەتی و پەسەندی دەکەن، و بە تێگەیشتنی خۆیان و تێدەکۆشن هەوڵ دەدەن گوێڕایەڵی بن.(محمد الجوهری ،١٩٨٣،ل١٦)، بەمپێیەش پەیوەست بوون بەنیشتیمان بریتییە لەو هەستە ناوەکییەی کە مرۆڤ هاندەدات نیشتمانەکەی خۆشبوێت و پەیوەستە لەگەڵیدا لە ڕووی بیرکردنەوە و سۆزداریەوە و شانازی بەهەموو پێکهاتە کولتووری و کۆمەلایەتی و ماددی و مرۆییەکەیەوە بکات ئەمە هەستێکی ناوەکییە کە ئاراستەی هاوڵاتیان و ڕێنماییان دەکات بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان بەرامبەر نیشتیمان ، کە خودی تاک خۆی هەست بەرپرسیارێتی ناوەکی دەکات (التل، ٢٠٠٩،ل ٤٠)،

لەگرنگترین تایبەتمەندییەکانی پەیوەست بوون بەنیشتیمان لەم چەند خاڵەی لای خوارەوەدا دەردەکەوێت :

١- هەستێکی جێگیرە ، بە واتای مرۆڤ ڕاستەوخۆ بە تەواوی ئینتیمای بۆ شتێکی دیاریکراو هەیە و پێیەوە پەیوەستە ، بۆ ئەوەی چەمکی ئینتیما بە شێوەیەکی دروست بەدەست بهێنرێت.

٢- بە فاکتەرێک لە فاکتەرەکانی بنیات نانی کۆمەڵکە دادەنرێت کاتێک کە مرۆڤ پەیوەست بوونی بۆ کۆمەڵگاکەی هەیە ، ئەمە هانی دەدات بۆ پاراستنی و دڵنیابوون لە گەشەکردن و خۆشگوزەرانی بە شێوەیەکی بەردەوام.

٣- بڵاوبوونەوەی دیاردە نەرێنییەکان کەم دەکاتەوە ئەگەر لایەنی پەیوەست بوون لای کەسەکان بەهێز بکرێت یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی ڕێزی ئەو شوێنە بزانن کە تێیدا دەژین، بۆ نموونە لە ژینگەی کاردا، پەیوەست بوونی کارمەندێک بە کارەکەیەوە وایان لێدەکات ئەرکە پێویستەکان بە شێوەیەکی دروست ئەنجام بدات.

٤- یارمەتی بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەدات کاتێک تاک پەیوەست بوونی بۆ ژینگەی دەوروبەری هەیە، بەشداری لە هەموو چالاکییەکان دەکات کە وە بەشداری زیاتر دەکات لەو چالاکییانەی سۆز و خۆشەویستی لە نێوان خۆی

و تاکەکانی دیکە دروست دەکات ، بە تایبەت کاتێک پشت دەبەستێت بە بنەما ئەخلاقییەکان وەکو ڕێزگرتن ، بەخشندەیی، خۆبەخشی، دراوسێیەتی باش وهتد. (الزبیدی،٢٠١٩، ل١٥٥–١٧٨)

**ڕەهەندەکانی هەستی پەیوەست بوون بەنیشتیمان**

ئینتیمای نیشتیمانی چەندین ڕەهەندی هەیە لەگرنگترین ئەم ڕەهەندانە ، کە ئەمەی خوارەوەیە :

١– ناسنامە: پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان ناسنامە و ئینتیمادا هەیە، کە ئینتیما ڕۆلێکی سەرەکی دەبینێت بۆ بەهێزکردنی شوناس و ناسنامەی تاک

٢– دڵسۆزی: دڵسۆزی بە جەوهەری پابەندبوون و بە ناوەڕۆکی ئینتیما دادەنرێت. ناسنامە بەهێز دەکات و جەخت لەسەر ڕێکخستن و پشتیوانی تاک بۆ گروپەکەی دەکات.

٣– پابەندبوون: پابەندبوون دەبێتە هۆی هەماهەنگی و پێکەوەبوون لە نێوان تاک و ئەندامانی گروپەکەدا.

٤– پێویستی سۆز و خۆشەویستی : پێویستی سۆز و خۆشەویستی بە بەشداری کردنی تاک لە گروپێکی کۆمەڵایەتی دەست دەکەوێت

٥– کۆمەلایەتی بوون: ئەو پەیوەندیانەی تاکەکان بەیەکەوە دەبەستنەوە جەخت لەسەر حەز و ئارەزوی تاک بۆ کۆمەلایەتی بوون دەکەنەوە، پشتگیری کۆمەڵایەتی دەکەن، و مەیلی خۆشەویستی و کارلێکردنی کۆمەڵایەتی پەروەردە دەکەن، کە هەستی ئینتیما بەهێز دەکات.

٦– دیموکراسی : یەکێکە لە شێوازەکانی بیرکردنەوە و سەرکردایەتی کردن و ئاماژە بەو قسە و کردارانە دەکات کە تاک دووبارەی دەکاتەوە بۆ دەربڕینی پێزانینی خۆی بۆ تواناکانی تاکەکان و لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی جیاوازییە تاکایەتی نێوانیان تاکەکان بە ڕادەیەک ئازادی تاک لە دەربڕینی بیروڕا لە چوارچێوەی سیستەمی گشتیدا بێت ( خضر ، ٢٠٠٠،ل ٣٠ )

**بەهاکانی هەستی پەیوەست بوون بەنیشتیمان**

١– بەهای یەکڕیزیی نیشتمانی و کارکردن بۆ بەرز ڕاگرتنی :یەکریزی نیشتمانی یەکێکە لەو پایە گرنگانەی کە دەبێت بە بەردەوامی کاری لەسەر بکرێت و بپارێزرێت

٢– بەهای لێبوردەیی: پێویستە پەیوەست بوونی نیشتمانی ئەم بەهایە گەشە پێ بدات و لە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگادا ڕەنگ بداتەوە لای هەموو ئەو کەسانەی لەو نیشتمانەدا دەژین و سەر بەو نیشتمانەن.

٣– بەهای شکۆ و شانازی کردن بە گەل و دام و دەزگا و دامەزراوەکانی وڵات : لە پێناوی بەدەست هێنان و گەیشتن بەرژەوەندی گشتی هەموو ڕۆڵەکانی نیشتمان .

٤– بەهای ئاسایش و ئارامی : پاراستنی ئاسایش و ئارامی وڵات بە بەشێکی گرنگ لە پەیوەست بوونی نیشتمانی تاک و کۆمەڵگە دادەنرێت . هاووڵاتی لە خەمی پاراستنی نیشتمانەکەیدا بێت بە هەموو شێوەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئەمنی و فیکری وڕۆشنبیرییەوە (حمایل،٢٠١١،ل٤٠).

**بیردۆزەکانی لێکدانەوەی هەستی پەیوەست بوون بەنیشتیمان**

**١– بیردۆزی ابراهیم ماسلۆ:**

ماسلۆ پێداویستیەکانی بەسەر سێ تەوەردا دابەش کردووە ( پێداویستییە سەرەتاییەکان، و پێداویستیە دەروونیەکان و بەدەست هێنانی خود )، پێویستە پێداویستییە سەرەتاییەکان تێر بکرێن چونکە پێویستن بۆ مانەوەی تاک لە ژیاندا کە مانەوەی بەسراوەتەوە بە دابینکردنی پێداویستیە فسیۆلۆجیە سەرەتاییەکان . پێداویستییە دەروونییەکان بریتین لە پێداویستییەکانی وەک ئینتیما ، ڕەزامەندی و خۆشەویستی لەلایەن کەسانی دیکەوە. لە ئەگەری تێرنەکردنی ئەم پێداویستیانە ، دەبێتە هۆی دڵەڕاوکێ و فشار بۆ تاک ،بەپێی تێڕوانینی ماسلۆ، هەستی پەیوەست بوون بەنیشتیمان واتە پەیوەندی تاک بە گروپێکەوە کە ئامانج و بیرکردنەوەی هاوبەشیان هەیە. ئەندامبوون لەم گرووپەدا دەبێتە هۆی تێرکردنی پێداویستییە جۆراوجۆرەکان لە ڕێگەی قبوڵکردنی نۆرم و پێوەر و شێوازی ڕەفتارییانەوە. بۆیە ئەم پێویستییە بە وشێوەیەکی ڕوون لە ڕێگەی هاریکاری و هەرەوەزی و خۆشەویستی نێوان تاکەکانی گروپەکەدا دەردەکەوێت (الوقفی، ١٩٩٨، ل ٣٤٦).

**٢- بیردۆزی مەعریفی ژان بیاژێ :**

زانای سویسری بیاژێ پێیوایە گەشە کردنی ژیری لای منداڵ بە چوار قۆناغدا تێدەپەڕێت:

یەکەم: گەشەی قۆناغی هەستی جولەی ئەم قۆناغە لە یەکەم ساتی لە دایک بوونەوە دەست پێ دەکات تا نزیکەی دوو ساڵی دەخایەنێت لەم قۆناغەدا بە پلەی یەکەم منداڵ پست بە هەستەوەرەکان و ئەندامەکانی لەشی دەبەستێت بۆیە بیاجێ ناوی ناوە قۆناغی هەستی جوڵە .

دووەم: قۆناغی پێش پرۆسە مەنتیقیەکان ئەم قۆناغە لە تەمەنی دوو ساڵیەوە تاکو تەمەنی حەوت ساڵی دەست پێ دەکات، لەم قۆناغەدا کۆمەڵێک گۆڕانکاری ڕوودەدات وەکە گەشەکردنی زمان و فێربوونی هێماکان و زاڵبوونی دیاردەی گیانبەبەردا کردن وە توانای دروست کردن و خۆپەرستی.

سێیەم: قۆناغی ژیریە هەست پێ کراوەکان ئەم قۆناغە دەکەوێتە نێوان ساڵەکانی حەوت بۆ یانزە، منداڵ لەم قۆناغەدا توانای بیرکردنەوەی مەنتیقی هەیە وە لە توانایدایە بە بەڵگەی مەنتیقی و زانستی بەرگری لە بیر و بۆچوونەکانی خۆی بکات.

چوارەم:قۆناغی پرۆسەی بیرکردنەوەی ڕووت و مانادار ئەم قۆناغە دەکەوێتە نێوان یانزە بۆ پانزە ساڵان وە دواهەمین قۆناغی تێگەیشتن و کامل بوونی ژیری و زیرەکی دەگاتە لوتکە لەم قۆناغەدا منداڵ (هەرزەکار) لە توانایدا هەیە مامەڵە لەگەڵ تیۆری گریمان و بابەت و دیاردە واتادارەکان بکات و بە ئاسانی لێیان تێ بگات وە نەخشە و پیلانی زانستی بۆ ئێستا و داهاتوو لەبەر ڕۆشنایی ڕووداوەکانی ڕابردوو دابنێ (قادر،٢٠١٦،ل ٣٣)

پیاژێ نوێخوازەکان پێیان وایە کە گەشەکردنی توانای یادگەی تاک و بەکارهێنانی توانای عەقلی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی شێوازی بیرکردنەوەی جیاواز لە ئاستە جیاوازەکانی تەمەندا. بۆیە ڕەنگە چەمکی ئینتیما لە منداڵاندا دەربکەوێت لە تەمەنێکی گەورەتر لەوەی کە بیاژێ باسی کردووە کە قوتابیان ئەو ڕەهەندانە پراکتیزە بکەن و بە کردەوە و بە شێوەیەکی لێهاتووانە جێبەجێی دەکەن. ئەمەش بەو مانایەیە کە ڕەهەندەکانی ئینتیما لە ڕێگەی بیرکردنەوەی تاکەوە گەشە دەکەن ، هەستیان پێدەکات و ئاگاداریان دەبێت و لێیان تێدەگات، دواتر دەبێتە بەشێک لە ڕەفتارەکانی. هەموو ئەمانە لە ڕێگەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتییەوە بەدەست دەهێنرێن، بە تایبەت ئەوانەی دەوڵەمەندن بە هاندەری مەعریفی وە هەروەها ئۆزبل پێی وایە ئەو شارەزایانەی تاک لە پێشوودا بە دەستی هێناوە یارمەتیدەرن بۆ فێربوونی شارەزایەتی نوێ و پێدانی مانا بە ئەزموونە نوێیەکان هەروەها پێی وایە کە ئەم شآرەزایەتییانە ناونیشانەکان دیاری دەکەن بەپێی قۆناغەکان کە تاک گەشە دەکات و دەستکەوت بەدەست دێنێت لە ڕێگەی قۆناغەکانی بەدەستهێنان و گەشەکردن و کۆدکردن و بەستنەوەی بە ئەزموونەکانی پێشوویانەوە. بۆیە ئۆزبل تیشک دەخاتە سەر ژینگەی مەعریفی تاک و تایبەتمەندییەکانی و ڕێکخستنەکەی.

پێی وایە ژینگەی مەعریفی پرۆسەی بەدەستهێنان و ڕاگرتن و پاراستنی ئەزموونەکان ئاسان دەکات، پاشان بە شێوەیەکی مانادار دەیانگوازێتەوە. (الخضور، ٢٠٠٦، ل ١٥-٢٠).

**٣- بیردۆزی دەروون شیکاری (فرۆید):**

بێ گومان بۆچوون و تیۆرییەکانی فرۆید کاریگەرییان لەسەر پزیشکی دەروونناسی بەشێوەیەکی تایبەت و لەسەر دەروونناسی گشتی هەبووە، بەتایبەت بیر و ڕاکانی سەبارەت بە گەشە پێدانی کۆمەڵایەتی و کاریگەریی ئەزموونەکانی سەرەتای ژیانی تاک . لە چوارچێوەی تیۆری دەروونشیکاری دا، و لە ژێر ڕۆشنایی یەکێک لە بەرهەمە گرنگەکانیدا {سایکۆلۆجیای کۆمەڵ و شیکردنەوەی ئیگۆ (من)} ١٩٢١، کە تێیدا هەوڵی داوە پەیوەندی نێوان ئەندامانی گروپ لەسەر بنەمای ئارەزووی لبیدۆ ڕوون بکاتەوە (جەلال،١٩٨٩، ل ٣٩) .

ڕوونکردنەوەیەکی خستنەڕوی هەستی پەیوەست بوون بەنیشتیمان لەسەر بنەمای ئەم پێشنیازانەی خوارەوە:

١- سەرەتای سەرهەڵدانی ڕەفتاری پەیوەست بوون لای منداڵ بە شێوازی سەرەتایی پەیوەندی لەگەڵ دایک و باوک (بەتایبەت دایک) دیاری دەکرێت.

٢- ئەزموون و شێوازەکانی خۆراک پێدانی سەرەتایی کاریگەرییان لەسەر دروستبوونی کەسایەتی هەیە و ڕەفتاری ئینتیمای هیچی تر نییە لە جۆرێک لە میراتی زارەکی کە لە ئەنجامی شیرپێدانی درێژخایەنەوە دروست دەبێت (ارجائیل،١٩٨٢، ل١١٨-١١٩).

بەڵام فرۆیدیە نوێگەرەکان کاریان لەسەر فراوانکردنی ئاسۆکانی دەروونناسی فرۆید کرد بە شوێن خۆشکردن بۆ لەبەرچاو گرتنی ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکانی کەسایەتی . ئادلر لەوباوەڕەدایە مرۆڤەکان لە یەکەم ڕۆژی ژیانیانەوە هەموویان پێکەوە گرێ دراون . سەرەڕای جەخت کردنەوەی لە کاریگەری بەهێزی لایەنی کۆمەڵایەتی زیاتر لە بەهێزی لایەنی بایۆلۆجی جەختی لەسەر کاریگەریی هێزە کۆمەڵایەتییەکان کردەوە، بەڵام بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە هەست و گرنگی پێدانی کۆمەڵایەتی زگماکین و دەتوانرێت بەرهەمی ئەم گرنگی پێدانی کۆمەڵایەتی بوونە لە ڕێگەی ڕێنمایی و ڕاهێنانی دروستەوە بەدیبهێنرێت (صالح، ١٩٨٣، ل ٩٨).

**توێژینەوەکانی پێشوو**

بەمەبەستی خستەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو توێژەران توێژینەوەکانیان بۆهەردوو گۆڕاوی توێژینەوەکە بەمشێوەیە دیاریکرد: توێژینەوەکانی پێشوو تایبەت بەگۆڕاوی بەهاکۆمەڵایەتییەکان

**توێژینەوەی الهەزایمە و القاعود (٢٠٢٠)**

ناونیشانی توێژینەوە: قەیرانی بەهاکان و ڕۆڵی پەرتووکی پەروەردەی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی بۆ قۆناغی بنەڕەتی لە لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە .

ئامانجی توێژینەوە: ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی ڕۆڵی پەرتووکی پەروەردەی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی بوو بۆ قۆناغی سەرەتایی لە چارەسەرکردنی قەیرانی بەهاکان لە ئوردن، بۆ ئەنجام دانی ئەم توێژینەوەیە توێژەر میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە.
نموونەی توێژینەوە: نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (٩٧) مامۆستا لە ڕەگەزی نێر و مێ. نموونەی توێژینەوە بە شێوەی هەڕەمەکی چیندار هەڵبژێردرا لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزای یەکەمی ئیربید بوون لە وڵاتی ئوردون.

ئەنجامی توێژینەوە: دەرەنجامەکان دەریانخست کە پەرتووکی پەروەردەی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی بە پلەیەکی مامناوەند و نزم لە بوارەکانی لێکۆڵینەوەی (ئاینی، کۆمەڵایەتی، نیشتمانی، سیاسی، ئابووری، و جوانکاری)دا باس لە قەیرانی بەهاکان دەکەن.

**توێژینەوەی الدوسری (٢٠٢٠)**

ناونیشانی توێژینەوە: چاندنی بەهای کاری خۆبەخشی لای خوێندکارانی بنەڕەتی لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە .

ئامانجی توێژینەوە: ئامانجی توێژینەوەکە دیاری کردنی بەهای کاری خۆبەخشی بوو لای خوێندکارانی قۆناغی بنەڕەتی و ڕێگاکانی چاندنی بەهاکانی کاری خۆبەخشی لە خوێندکارانی قۆناغی بنەڕەتیدا لە ڕێگەی مامۆستایان و چالاکییەکانی قوتابخانەوە، هەروەها دەستنیشانکردنی بەربەستەکانی بەردەم چاندنی بەهاکانی کاری خۆبەخشی لای خوێندکارانی قۆناغی بنەڕەتی.

نموونەی توێژینەوە: نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتبووە لە (٣٩٢) مامۆستا لەم توێژینەوەیەدا توێژەر میتۆدی وەسفی ڕووپێوی بەکارهێناوە ، وە پێوەری ڕاپرسی وەک ئامرازی توێژینەوە بەکارهێنراوە.

ئەنجامی توێژینەوە: توێژینەوەکە گەیشت بەو ئەنجامەی ڕێککەوتنێکی بەهێز لەنێوان بەشداربووانی توێژینەوەکەدا هەبوو سەبارەت بە بەهاکانی کاری خۆبەخشی کە یەکێک بوو لە ئامانجەکانی توێژینەوەکە لە خوێندکارانی قۆناغی سەرەتاییدا بچێنرێت، هەروەها ڕێککەوتنێکی بەهێز لەنێوان بەشداربووانی توێژینەوەکەدا هەبوو سەبارەت بە ڕێگاکانی چاندنی بەهاکانی کاری خۆبەخشی لە خوێندکارانی قۆناغی سەرەتاییدا لە ڕێگەی مامۆستایانەوە. هەروەها ئەنجامەکان ڕێککەوتنێکی بەهێزیان لە نێوان بەشداربووانی توێژینەوەکەدا نیشان دا سەبارەت بە ڕێگاکانی چاندنی بەهاکانی کاری خۆبەخشی لای خوێندکارانی قوتابخانەی سەرەتایی لە ڕێگەی چالاکییەکانی قوتابخانەوە، هەروەها ڕێککەوتن لە نێوان بەشداربووانی توێژینەوەکەدا هەبوو سەبارەت بە بەربەستەکانی چاندنی بەهاکانی کاری خۆبەخشی لە خوێندکارانی قوتابخانەی سەرەتاییدا.

**توێژینەوەی النبهانی (٢٠٢٠)**

ناونیشانی توێژینەوە: پلەی بەشداریکردنی کتێبی کۆمەڵایەتی قۆناغی بنەڕەتی بۆ پەرەپێدانی بەهای هاوکاری کەسانی تر.

ئامانجی توێژینەوە: ئامانجی توێژینەوەکە دیاریکردنی پلەی بەشداری کتێبەکانی خوێندنی کۆمەڵایەتی بوو لەسەر ئاستی پەروەردەی بنەڕەتی لە وڵاتی عومان لە پەرەپێدانی بەهاکانی هاوکاری کەسانی دیکە بە شیکردنەوەی ناوەڕۆکەکانیان لە دیدگای مامۆستاکانیانەوە. بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە، توێژەر شیکردنەوەی ناوەڕۆکی کتێبی خوێندنی کۆمەڵایەتی بۆ پۆلەکانی پێنجەم و حەوتەم و نۆیەم ئەنجام دا.

نموونەی توێژینەوە: نمونەی توێژینەوەکە پێک هاتبوو لە (١٢٠) مامۆستای زانستی کۆمەڵایەتی ڕەگەزی نێر و مێ لە پارێزگاری الداخلیە لە وڵاتی عومان.

ئەنجامی توێژینەوە: توێژینەوەکە گەیشت بەو ئەنجامەی کە پلەیەکی کەمی بەشداری کتێبەکانی کۆمەڵایەتی لە ئاستی پەروەردەی بنەڕەتیدا لە پەرەپێدانی بەهاکانی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوانی دیکەدا، لەڕێگەی شیکردنەوەی ناوەڕۆکەکانیان یان دیدگای مامۆستاکانیان. ڕێژەی بەشداریکردن لە نزمەوە تا مامناوەند بوو.

هەروەها ئەنجامەکان ئاماژەیان بە بوونی نزیکی و هاوشێوەی کرد لە پلەی بەشداریکردنی کتێبەکانی کۆمەڵایەتییەکان لە ئاستی پەروەردەی بنەڕەتی لە وڵاتی عومان بۆ پەرەپێدانی بەهاکانی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوانی دیکە، لە نێوان شیکاری ناوەڕۆک و تێڕوانینی مامۆستایان. دەرەنجامەکان هیچ دوورییەکیان دەرنەخست لە ڕادەی بەشداری کتێبی کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی پەروەردەی بنەڕەتی بۆ پەرەپێدانی بەهاکانی هاوڵاتیبوون، لە نێوان شیکردنەوەی ناوەڕۆک و تێڕوانینی مامۆستاکانیان.

توێژینەوەکانی پێشوو تایبەت بەگۆڕاوی هەستی پەیوەست بوون بەنیشتیمان

**توێژینەوەی عقیلات (٢٠١٩)**

ناونیشانی توێژینەوە: ئاسایشی دەروونی و پەیوەندی بە هەستی پەیوەست بوون بەنیشتیمان لای خوێندکارانی زانکۆی کراوەی القدس.

ئامانجی توێژینەوە :ئامانجی توێژینەوەکە زانینی پەیوەندی نێوان ئاسایشی دەروونی و پەیوەست بوونی نیشتمانی بوو لە لای خوێندکارانی زانکۆی کراوەی القدس، هەروەها دەستنیشانکردنی جیاوازی ئاسایشی دەروونی و پەیوەست بوونی نیشتمانی لە ژێر ڕۆشنایی هەندێک گۆڕاودا (ڕەگەز، پسپۆڕی، شوێنی نیشتەجێبوون).

نموونەی توێژینەوە: نموونەی توێژینەوەکە لە (٣٦٠) خوێندکار لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ پێکهاتبوو و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە توێژەر میتۆدی وەسفی شیکاری ئامرازی توێژینەوە دوو پێوەری بەکارهێنا.

ئەنجامی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە گەیشتە کۆمەڵێک ئەنجام، کە دیارترینیان بریتین لە: بوونی پەیوەندی بەڵگەداری ئاماری ئەرێنی لە نێوان ئاسایشی دەروونی و پەیوەست بوونی نیشتمانی لە نێوان خوێندکارانی زانکۆی کراوەی القدس دا، هەروەها هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری نییە لە گۆڕاوەکانی ڕەگەز، پسپۆڕی، یان شوێنی نیشتەجێبوون.

**توێژینەوەی مریم (٢٠١٩)**

ناونیشانی توێژینەوەکە: ئاستی هەستی پەیوەست بوون بەنیشتیمان لای خوێندکارانی زانکۆ.

ئامانجی توێژینەوەکە :دیاریکردنی ئاستی هەستی پەیوەست بوون بەنیشتیمان لای خوێندکارانی زانکۆ .

نموونەی توێژینەوەکە: نمونەکەی پێکهاتبوو لە ٦٠ خوێندکار لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی القادسیە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە،توێژەر میتۆدی وەسفی بەکارهێنا، ئامرازی توێژینەوە پێوەری پەیوەست بوون بوو کە لە ٤٠ بڕگە پێکهاتبوو کە بەسەر ٥ تەوەری سەرەکیدا دابەش کرا بوو.

ئەنجامی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە گەیشتە کۆمەڵێک ئەنجام کە دیارترینیان بریتین لە هیچ هەستێکی تەواو بۆ پەیوەست بوونی نیشتمانی لای خوێندکارانی زانکۆدا نییە، جیاوازی لە پەیوەست بوونی نیشتمانی لای خوێندکارانی زانکۆدا نییە بەپێی گۆڕاوەی ڕەگەزی یان گۆڕاوەی پسپۆڕی ئەکادیمی.

**توێژینەوەی حمیدە (٢٠٢١)**

ناونیشانی توێژینەوەکە : هەستی پەیوەست بوون بەنیشتیمان لای خوێندکارانی زانکۆ لە ژێر ڕۆشنایی هەندێک گۆڕاودا
ئامانجی توێژینەوەکە : ئامانجی توێژینەوەکە دەستنیشانکردنی جیاوازییەکانی پەیوەست بوونە لای خوێندکارانی زانکۆی بنی سویف لە ژێر ڕۆشنایی هەندێک گۆڕاودا (ڕەگەز، ساڵی خوێندن، شوێنی نیشتەجێبوون).

نموونەی توێژینەوەکە:نموونەی توێژینەوەکە لە (٣٥٠) خوێندکار لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ پێکهاتبوو، و ئامرازی توێژینەوە لە پێوەری پەیوەست بوون پێکهاتبوو لەم توێژینەوەدا توێژەر میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە..
ئەنجامی توێژینەوەکە: ئەنجامی توێژینەوەکە دەری خست هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە گۆڕاوی پەیوەست بوون بەنیشتیمان لای خوێندکارانی زانکۆی بنی سویف دا نی یە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، ساڵی خوێندن، شوێنی نیشتەجێبوون.

**گفتوگۆ دەربارەی توێژینەوەکانی پێشوو:**

دوای پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو لەسەر هەردوو گۆڕاوەی ئینتیمای نیشتیمانی و بەهای کۆمەڵایەتی، توێژەران بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەیان سوودیان لەم توێژینەوانە وەرگرتووە لە ڕووی دیاریکردنی ئامانج و هەروەها لە ڕووی ئامادەکردنی پێوەرەکانی توێژینەوە

لەڕووی ئامانجەوە توێژینەوەکە بە شێوەیەکی گشتی وێنەیەکی گشتگیر سەبارەت بە ئاستی ئینتیمای نیشتیمانی و بەهای کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ دەخەنە ڕوو وەک توێژینەوەی (حمیدە ٢٠٢١) کە ئامانجی توێژینەوەکە دەستنیشانکردنی جیاوازی یەکانی پەیوەست بوونە لای خوێندکارانی زانکۆ بەپێی هەندێک گۆڕاوی دیمۆگرافی توێژەر میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە. و (عقیلات ٢٠١٩) کە ئامانجی توێژینەوەکە زانینی پەیوەندی نێوان ئاسایشی دەروونی و پەیوەست بوون ی نیشتمانی بوو لە لای خوێندکارانی زانکۆ لە ژێر ڕۆشنایی هەندێک گۆڕاودا (ڕەگەز، پسپۆڕی، شوێنی نیشتەجێبوون). لە کاتێکدا توێژینەوەی (مریم ٢٠١٩) ئامانجی زانینی ئاراستەی خوێندکارانی زانکۆ سەبارەت بە دیاریکردنی هەستی پەیوەست بوونی نیشتیمانی . و توێژینەوەکانی (ئەلهەزایمە و القاعود٢٠٢٠) کە ئامانجی زانینی ڕۆڵی پەرتووکی پەروەردەی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی بوو بۆ قۆناغی بنەڕەتی لە چارەسەرکردنی قەیرانی بەهاکان، بۆ ئەنجام دانی ئەم توێژینەوەیە توێژەر میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە. و (توێژینەوەی الدوسری ٢٠٢٠) ئامانجی توێژینەوەکە دیاری کردنی بەهای کاری خۆبەخشی بوو لای خوێندکارانی قۆناغی بنەڕەتی و ڕێگاکانی چاندنی بەهاکانی کاری خۆبەخشی . هەروەها توێژینەوەی (النبهانی٢٠٢٠) ئامانجی توێژینەوەکە دیاریکردنی پلەی بەشداری کتێبەکانی خوێندنی کۆمەڵایەتی بوو لەسەر ئاستی پەروەردەی بنەڕەتی لە وڵاتی عومان لە پەرەپێدانی بەهاکانی هاوکاری کەسانی دیکە دا.

هەموو توێژینەوانەی پێشووتر لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەدا یەکدەگرنەوە لە ڕووی میتۆدی بەکارهاتوو کە (میتۆدی وەسفی شیکاریە) وەک میتۆدێکی توێژینەوەی گونجاو بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوە، ئەم توێژینەوەیە لە شێوازی هەڵبژاردنی کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوە لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوو وەک یەکن ،کە کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە خوێندکاران وە نمونەی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی هەرەمەکی هەڵبژێردراون ،بەڵام لە ڕووی ژمارەوە جیاوازن، هەروەها ئەم توێژینەوەیە یەکدەگرێتەوە لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوو لە ڕووی بەکارهێنانی پێوەر وەک ئامرازێک بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان تا ئاستێک لە ڕووی بەکارهێنانی ئامرازە ئامارییەکان جیاوازی هەیە ئەویش بە هۆی جیاوازی لە ئامانجەکان دا .

**بەشی سێیەم**

**ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی توێژینەوەکە**

**میتۆدی توێژینەوە**

توێژەران لەم توێژینەوەدا میتۆدی وەسفی شیکاریان بەکارهێنا، میتۆدی وەسفی شیکاری یەکێکە لەمیتۆدە گرنگەکان کە بەستراوە بە ڕاڤەکردنی دیاردەیەکی هاوچەرخ و مەبەست لێی وەسفکردن و ڕونکردنەوەیەتی . (العصاف، ١٩٩٥، ٦٨).

**کۆمەڵگەی توێژینەوەکە**

لەم توێژینەوەیەدا توێژەران کۆلێجی پەروەردەی زانستەمرۆڤایەتییەکان- سیدسادق یان دیاریکرد بۆجێبەجێکردنی توێژینەوەکە بۆ ئەم مەبەستەش بەشی مێژوو دەستنیشانکرا کەپێکدێت لەچوار قۆناغی خوێندن (بەیانیان- ئێواران) بۆساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥)ز، سەرجەم ژمارەی خوێندکاران بریتی بوو لە (١٦١)خوێندکارلەم ژمارەیەش (١٠٥)خوێندکار لەڕەگەزی مێ (٥٦)خوێندکارلەڕەگەزی نێر بوون، وەک لەخشتەی ژمارە (١)دا دیارە.

**خشتەی ژمارە(١)**

**کۆمەڵگەی توێژینەوەکە**

| کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
| --- | --- | --- |
| خوێندکاران لەڕەگەزی نێر | ١٠٥ | ٪٦٥ |
| خوێندکاران لەڕەگەزی مێ | ٥٦ | ٪٣٥ |
| کۆی گشتی | ١٦١ | ٪١٠٠ |

**نموونەی توێژینەوەکە**

لەم توێژینەوەدا پاش دەستنیشانکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە کە بریتیە لە سەرجەم خوێندکارانی بەشی مێژوو لەکۆلێجی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان-سەیدسادق توێژەران بەشێوەیەکی مەبەستدار نمونەی توێژینەوەکەیان هەڵبژارد لەقۆناغی چوارەم لەبەرئەوەی ئەم قۆناغە بەدواقۆناغی خوێندن دادەنرێت بەمپێیەش خوێندکاران لەڕوی هۆشیاری و وەرگرنی زانیاریە تایبەتی و گشتییەکانەوە لەئاستێکی کامڵدان. نمونەی توێژینەوەکە پێکهات لە(٧٣)خوێندکار بۆساڵی (٢٠٢٤-٢٠٢٥)ز، لەم ژمارەیەش( ٥١)لەڕەگەزی مێ و(٢٢)خوێندکار لەڕەگەزی نێر وەک لەخشتەی ژمارە(٢)دا ڕونکراوەتەوە.

**خشتەی ژمارە(٢)**

**نمونەی توێژینەوەکە**

| قۆناغ | کۆی گشتی نمونە | ڕەگەز | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| چوارەم | ٧٣ | نێر | ٢٢ | ٪٣٠ |
| | | مێ | ٥١ | ٪٧٠ |
| | | کۆی گشتی | ٧٣ | ٪١٠٠ |

**ئامرازی توێژینەوەکە**

لەم توێژینەوەیەدا توێژەران بەپێی سروشتی توێژینەوەکە دوو ئامرازیان ئامادەکرد کەبریتیین لە:

١- بەها کۆمەڵایەتییەکان

بەسود وەرگرتن لەئەدەبیات و توێژینەوەکانی ڕابردوو توێژەران پێوەری بەها کۆمەڵایەتییەکانیان ئامادەکرد لەوانە توێژینەوەکانی (عایز-٢٠١٠، الجموعي و قبقوب- ٢٠١٣، البسکری: ٢٠٢١) کەپێکهات لە (٢٠)برگە بەپێی پێوەری پێنج بژاردەی لیگرد بەجۆرێک لەبەردەم هەر برگەیەکدا (٥)بژاردە خراوەتەڕوو کەبریتین لە (هەمیشە- زۆرجار- هەندێکجار- بەکەمی- زۆربەکەمی) ، کەوێنەیەکی لە بەشی چوارەم خراوەتەڕوو، خوێندکار لەکاتی وەڵامدانەوە سەرپشک

کراوە لەهەڵبژاردنـی یەک بـژاردە، پاشـان بۆدڵنیـابونەوە لەگونجـاوی بـۆجێبەجێکردنی پێـوەرەکە تـوێژەران ئەم هەنگـاوانەی گرتەبەر.

١- راستگۆی رواڵەتی ئامرازی بەها کۆمەڵایەتییەکان

بەمەبەستی زانینی رادەی گونجاوی ئامرازەکە لەرووی زانستی و دارشتنەوە توێژەران (٧)پسپۆری بواری(رێگاکانی وانەوتنەوە، دەرونزانی پەروەردەیی)یان دیاریکرد، بۆئەوەی لەشێوەی سەرەتایدا هەڵسەنگاندن بۆئامرازەکە بکەن کەپێکهات لە(٢٠)برگە پاش خستنەرویی تێبینـی و سـەرنجەکانیان دەربـارەی نـاوەرۆکی ئـامرازەکە بەرێـژەی رازیبـوونی (٩٥٪) بۆسـەرەوە سـەرجەم برگەکـان وەک خۆیـان مـانەوە تەنهـا هەنـدێک گۆرانکـاری زمـانەوانی ئەنجامـدرا بەمشـێوەیەش ئـامرازەکە لەرووی راسـتیەوە پەسەندکرا.

٢- جێگیری ئامرازی بەها کۆمەڵایەتییەکان

توێژەران بەمەبەستی دەرهێنانی جێگیری ئامرازی بەها کۆمەڵایەتییەکان ئەم دوو رێگایەیان بەکارهێنا:

أ- رێگای دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوە:

بۆئەم مەبەستە نمونەیەکیان لەدەرەوەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە وەرگرت لەقۆناغی سێیەمی بەشی زانستەکۆمەڵایەتییەکان-بەیانیان لەکۆلێجی پەروەردەی بنەرەتی زانکۆی سلێمانی کەژمارەیان (٤٠)خوێندکار بوو پاشان ئامرازەکەیان خرایە بەردەست و وەڵامی برگەکانیان دایەوە لەرۆژی یەکشەمە بەرواری (٢٠٢٥/٥/٤) پاش دووهەفتە جارێکیتر ئامرازەکە جێبەجێکرایەوە لەرۆژی یەکشـەمە بەرواری (٢٠٢٥/٥/١٨)ئـامرازەکە جێبەجێکـرایەوە پاشـان بەهـاوکۆلکەی ئامـاری پێرسـۆن پەیوەنـدیەکە دۆزرایەوە کەبریتی بوولە (٠،٩٢)کە ئەم بەهایەش بەهایەکی بەرز و پەسەندە بۆئەم جۆرە ئامرازە.

ب- رێکەوتنی ناوەکی (الاتساق الداخلي):

تـوێژەران پـاش ئەوەی (٤٠)فۆرمیـان دابەش کـرد بەسـەر ئەو نمـونەیەی بـۆئەم مەبەسـتە وەرگیـرا هـاوکۆلکەی ئامـاری ئەلفاکرونبـاخ( Cronbach-Alpha )یـان بەکارهێنـا دەرکەوت بەهـاکەی بریتییەلە (٠،٨٧) کە ئەم بەهـایەش بەهـایەکی بەرز و پەسەندەبۆئەم جۆرە ئامرازە.

٢-هەستی پەیوەستبوون بەنیشتمانەوە .

بەمەبەستی ئامادەکردنی ئامرازی دووەمی توێژینەوەکە توێژەران بەسود وەرگرتن لەئەدەبیات و توێژینەوەکانی رابردوو ئامرازی هەسـتی پەیوەسـتبوون بەنیشـتمانەوە یـان ئامـادەکرد بەسـود وەرگـرتن لەتوێژینەوەکـانی (القرنـی و ئەوانیتـر:٢٠١٩-العزب:،٢٠٢٢، الصـادق، ٢٠٢٢) کەپێکهـات لە (٢٠)برگە بەپێـی پێوەری پێـنج ئاسـتی لیگرد بەجۆرێـک لەبەردەم هەر برگەیەکدا (٥)بژاردە خراوەتەروو کەبریتین لە (هەمیشە- زۆرجار- هەندێکجار- بەکەمی- زۆربەکەمی)، کەوێنەیەکی لە بەشی چوارەم خراوەتەروو، خوێندکار لەکاتی وەڵامدانەوە سەرپشـک کراوە لەهەڵبژاردنـی یەک بژاردە، پاشـان بۆدڵنیـابونەوە لەگونجاوی بۆجێبەجێکردنی پێوەرەکە توێژەران ئەم هەنگاوانەی گرتەبەر.

١- راستیەتی رواڵەتی ئامرازی هەستی پەیوەستبوون بەنیشتمانەوە.

بەمەبەستی زانینی رادەی گونجاوی ئامرازەکە لەرووی زانستی و دارشتنەوە توێژەران (٧)پسپۆری بواری(رێگاکانی وانەوتنەوە، دەرونزانی پەروەردەیی)یان دیاریکرد، بۆئەوەی لەشێوەی سەرەتایدا هەڵسەنگاندن بۆئامرازەکە بکەن کەپێکهات لە(٢٠)برگە پاش خستنەرویی تێبینـی و سـەرنجەکانیان دەربـارەی نـاوەرۆکی ئـامرازەکە بەرێـژەی رازیبـوونی (٩٠٪) بۆسـەرەوە سـەرجەم

برگەکان وەک خۆیان مانەوە تەنها هەندێک گۆڕانکاری زمانەوانی ئەنجامدرا بەمشێوەیەش ئامرازەکە لەڕووی ڕاستیەوە پەسەندکرا.

**٢ – جێگیری ئامرازی هەستی پەیوەستبوون بەنیشتمانەوە.**

توێژەران بەمەبەستی دەرهێنانی جێگیری ئامرازی هەستی پەیوەستبوون بەنیشتمانەوە ئەم دوو ڕێگایەیان بەکارهێنا:

**أ – ڕێگای دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوە:**

بۆئەم مەبەستە نمونەیەکیان لەدەرەوەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە وەرگرت لەقۆناغی سێیەمی بەشی زانستەکۆمەڵایەتییەکان – بەیانیان لەکۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی کەژمارەیان (٤٠)خوێندکار بوو پاشان ئامرازەکەیان خرایە بەردەست و وەڵامی برگەکانیان دایەوە لەڕۆژی یەکشەمە بەرواری (٢٠٢٥/٥/٤)، پاش دووهەفتە جارێکیتر ئامرازەکە جێبەجێکرایەوە لەڕۆژی یەکشەمە بەرواری (٢٠٢٥/٥/١٨)، پاشان بەهاوکۆلکەی ئاماری پێرسۆن پەیوەندیەکە دۆزرایەوە لەنێوان جاری یەکەم و جاری دووەمی جێبەجێکردن کەبریتی بوولە (٠،٨٩)کە ئەم بەهایەش بەهایەکی بەرز و پەسەندە بۆئەم جۆرە ئامرازە.

**ب– ڕێکەوتنی ناوەکی (الاتساق الداخلي):**

توێژەران پاش ئەوەی (٤٠)فۆرمیان دابەش کرد بەسەر ئەو نمونەیەی بۆئەم مەبەستە وەرگیرا هاوکۆلکەی ئاماری ئەلفاکرونباخ( Cronbach-Alpha )یان بەکارهێنا دەرکەوت بەهاکەی بریتییەلە (٠،٨٥) کە ئەم بەهایەش بەهایەکی بەرز و پەسەندەبۆئەم جۆرە ئامرازە.

**جێبەجێکردنی توێژینەوەکە**

پاش دڵنیابوونەوەی توێژەران لەئامادەکردنی هەردوو ئامرازی بەهاکۆمەڵایەتییەکان و هەستی پەیوەستبوون بەنیشتمانەوە و جێبەجێکردنی سەرجەم و مەرج و ڕێکارەزانستییەکان تیایاندا، دوای ئەوەی فۆرمی کۆتاییان وەرگرت ئامرازەکان لەڕۆژی چوارشەمە بەرواری( ٥/٢١ / ٢٠٢٥ )تا ڕۆژی یەکشەمە بەرواری( ٢٥/ ٥/ ٢٠٢٥)جێبەجێکرا بەسەر نمونەی توێژینەوەکەدا.

**ئامرازەئامارییەکان**

توێژەران بەمەبەستی گەیشتن بەدەرئەنجامێکی ورد و زانستی بەرنامەی ئاماری ( SPSS)یان بەکارهێنا.

**بەشی چوارەم**

**خستنەڕوو شیکردنەوەی ئەنجامەکان**

**خستنەڕووی ئەنجامەکان:**

لەم بەشەدا خستەڕوو شیکردنەوەی ئەنجامەکان دەکرێت بەجۆرێک بۆدەرهێنانی نرخی ناوەندەشیاوی برگەکان توێژەران ڕاپرسی وەڵامە دیارەکانی هەربرگەیەک لەبرگەکانی هەردوو ئامرازی توێژینەوەکەیان بەپێی ڕەهەندە دیاری کراوەکان دیاریکرد و ژمارەیان پێدا بەجۆرێک ناوەندی ڕەهەندەکان بەژمارە(٣) دیاری کراوە وەک لەخشتەی ژمارە(٣)دا دیارە.

**خشتەی ژمارە(٣)**

**ئاست و نمرەی بژاردەکانی فۆرمی ڕاپرسی ڕوندەکاتەوە**

| هەمیشە | زۆرجار | هەندێک جار | بەکەمی | زۆربەکەمی |
|---|---|---|---|---|
| ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ |

١- سەبارەت بە ئامانجی یەکەمی توێژینەوەکە کە بریتی یە لە (زانینی ئاستی بەها کۆمەڵایەتییەکان لای خوێندکارانی کۆلێجی پەروەردە-بەشی مێژوو )، توێژەران ناوەندی شیاو کێشی سەدی و پلەبەندی برگەکانیان کرد وەک لەخشتەی ژمارە (٤) دادیارە.

**خشتەی ژمارە(٤)**

**ناوەندی شیاو و کێشی سەدی و پلەبەندی برگەکانی تایبەت بە بەهاکۆمەڵایەتییەکان ڕوندەکاتەوە**

| ژ | برگە | هەمیشە | زۆرجار | هەندێک جار | بەکەمی | زۆربەکەمی | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | گرنگی بە پاراستنی خێزانەکەم و سەلامەتی و بەختەوەرییان دەدەم. | ٤٤ | ١٠ | ١٦ | ٣ | ٠ | ٤،٣٠ | ٪٨٦ | ٣ |
| ٢ | پابەند نیم بە داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان | ١٣ | ٢٠ | ٣١ | ١ | ٨ | ٣،٤٠ | ٪٦٨ | ١٠ |
| ٣ | باوەڕم بە گرنگی ڕێزگرتن هەیەلە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگا | ٣٤ | ٢٣ | ١٦ | ٠ | ٠ | ٤،٢٥ | ٪٨٥ | ٤ |
| ٤ | باوەڕم وایە یارمەتیدانی کەسانی تر ئەرکێکی هەموانە | ١٦ | ٢٠ | ١٠ | ١٩ | ٨ | ٣،٢٣ | ٪٦٥ | ١١ |
| ٥ | ڕێز لە کەسانی بە تەمەن دەگرم و یارمەتییان دەدەم. | ٦٢ | ٦ | ٤ | ٠ | ٠ | ٤،٨١ | ٪٩٦ | ١ |
| ٦ | هەست بە دڵخۆشی دەکەم کاتێک بەشداری لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان دەکەم | ٤٢ | ٩ | ١٩ | ٢ | ١ | ٤،٢٢ | ٪٨٤ | ٥ |
| ٧ | باوەڕم بە گرنگی پەیوەندیە خێزانی و کۆمەڵایەتیەکان هەیە | ٢٦ | ٣١ | ٨ | ٥ | ٣ | ٣،٩٩ | ٪٨٠ | ٦ |
| ٨ | هەمیشە هەوڵ دەدەم لەزانکۆ باشترین بم. | ٢١ | ٣٥ | ١٥ | ٠ | ٢ | ٤ | ٪٨٠ | ٦ |
| ٩ | ئەو دەستکەوتانەی بەدەستی دەهێنم دڵخۆشم ناکەن | ١٠ | ٤١ | ١٧ | ٤ | ١ | ٣،٧٥ | ٪٧٥ | ٨ |
| ١٠ | بەخێرای متمانە بەدەوروبەرم دەکەم | ٨ | ١٥ | ١١ | ١٥ | ٢٤ | ٢،٥٦ | ٪٥١ | ١٤ |
| ١١ | ئەوکێشانەی دێنە بەردەم هۆکارن بۆباشکردنی کەسایەتیم | ١٢ | ١٤ | ١٧ | ٢٢ | ٨ | ٣ | ٪٦٠ | ١٢ |
| ١٢ | هەوڵ دەدەم بۆ گەیشتن بە ئامانجە تایبەتییەکانم سەرەڕای پێشبینییەکانی کەسانی دەوروبەرم | ٢٩ | ٢٠ | ٢٤ | ٠ | ٠ | ٤،٠٦ | ٪٨١ | ٧ |
| ١٣ | ڕێز لە مافی کەسانی تر دەگرم و چاوەڕێی ئەوەم کە ڕێز لە مافی من بگرن | ٣٣ | ٢٩ | ١٧ | ١ | ٣ | ٤،٦١ | ٩٢ | ٢ |
| ١٤ | پێگەی کۆمەڵایەتیم هۆکاری بەهێزی کەسایەتیمە | ٥ | ١٠ | ١٨ | ٢٨ | ١٢ | ٢،٥٨ | ٪٥٢ | ١٣ |
| ١٥ | باوەڕم وایە هەوڵدان و تێکۆشان کلیلی سەرکەوتنە | ١٩ | ١٧ | ٣٠ | ٥ | ٢ | ٣،٦٣ | ٪٧٣ | ٩ |
| ١٦ | ستەم وجیاکاری لە ژینگەی کۆمەڵایەتیمدا هەیە | ٦ | ٣ | ٢٢ | ٣٣ | ٩ | ٢،٥١ | ٪٥٠ | ١٥ |
| ١٧ | باوەڕم وایە کە دادپەروەری هەوێنی ئاشتی و سەقامگیرییە لە کۆمەڵگادا | ١٤ | ٣٧ | ١٥ | ٣ | ٤ | ٣،٧٤ | ٪٧٥ | ٨ |
| ١٨ | لە ژیانی ڕۆژانەمدا بەدوای ئاسوودەییدا دەگەڕێم. | ٢٥ | ١٥ | ٢٧ | ٠ | ٦ | ٣،٧٣ | ٪٧٥ | ٨ |
| ١٩ | بارودۆخم گونجاوە بۆئەوەی گەشت بکەم تا لەڕێگەیەوە شارەزای و مەعریفەم گەشەپێبدەم | ١١ | ٦ | ٥ | ٢٦ | ٢٥ | ٢،٣٤ | ٪٤٧ | ١٦ |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠ | **وتە و کرداری هاوڕێکانم بێزارم دەکەن** | ٨ | ٤ | ٢١ | ٨ | ٣٢ | ٢،٢٩ | ٪٤٦ | ١٧ |

لەخشتەی ژمارە (٣) دا دەردەکەوێت کە زۆرینەی برگەکانی ئامرازی بەها کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی گشتی لەئاستێکی باشدایە لەبەرئەوەی ناوەندی شیاویان لەسەرو (٣)وەیە و بەشێک لەبرگەکانیش ئاستێکی نزمی وەرگرتوە لەوانە برگەکانی (١٠-١٤-١٦-١٩-٢٠)سەرەڕای ئەوەی هەندێک برگەی تر ئەگەرچی ناوەندی شیاویان بەرزە بەڵام لەڕوی ڕاڤەی برگەکانەوە بەپێچەوانەوە ڕاڤەدەکرێت، بەمشێوەیەش بەرزترین برگە بریتیەلە برگەی(٥) کەناوندی شیاوی بریتییەلە(٤،٨١)، نەکێشی سەدی(٪٩٦)، بەپلەبەندی (١)، نزمترین برگەش بریتییەلە برگەی(٢٠)، کەناوەندی شیاوی (٢،٢٩))، بەکێشی سەدی (٪٤٦)، بەپلەبەندی (٢٠)، بۆیە توێژەران پێیان باش بوو تەنها ڕاڤەی برگە لاوازەکان بکەن.

برگەی دەیەم: (بەخێرای متمانە بەدەوروبەرم دەکەم ) ئەم برگەیە ناوەندی شیاوی بریتییەلە(٢،٥٦)، بەکێشی سەدی (٪٥١)، بەپلەبەندی (١٤)بۆیە زۆرینەی خوێندکاران بەخێرای متمانە بەدەوربەرو هاوڕێیانیان ناکەن و متمانەی تەواویان پێیان نیە تا نەیانخەنە بەردەم هەڵوێست و ئەزموونەکان.

برگەی چواردە: (پێگەی کۆمەڵایەتیم هۆکاری بەهێزی کەسایەتیمە) ئەم برگەیە ناوەندی شیاوی بریتییەلە(٢،٥٨)، بەکێشی سەدی (٪٥٢)، بەپلەبەندی (١٣)، بەمپێیەش زۆرینەی خوێندکاران پێگەی کۆمەڵایەتی بەهۆکار نازانن بۆبەهێزبوونی کەسایەتیان.

برگەی شانزە:( ستەم وجیاکاری لە ژینگەی کۆمەڵایەتیمدا هەیە) ئەم برگەیە ناوەندی شیاوی بریتییەلە(٢،٥١)، بەکێشی سەدی (٪٥٠)، بەپلەبەندی (١٥)،بۆیە زۆربەی خوێندکاران واهەستدەکەن کەستەم و جیاکاری لەژینگەی کۆمەڵایەتیاندا هەیە.

برگەی نۆزدە: (بارودۆخم گونجاوە بۆئەوەی گەشت بکەم تا لەڕێگەیەوە شارەزاببم) ئەم برگەیە ناوەندی شیاوی بریتییەلە(٢،٣٤)، بەکێشی سەدی (٪٤٧)، بەپلەبەندی (١٦)، بۆیە زۆرینەی خوێندکاران پێیان وایە ئەگەر بارودۆخیان گونجاونیە تاگەشت بکەن و ئاستی زانستیان گەشەپێبدەن.

برگەی بیست: (وتە و کرداری هاوڕێکانم بێزارم دەکەن) ئەم برگەیە ناوەندی شیاوی بریتییەلە(٢،٢٩)، بەکێشی سەدی (٪٤٦)، بەپلەبەندی (١٧)،بۆیە ئەم برگەیە بەلاواز دادەنرێت و زۆرینەی خوێندکاران بەوتەوکرداری هاوڕێکانیان بێزاردەبن.

٢- سەبارەت بە ئامانجی دووەمی توێژینەوەکە کەبریتیە یە لە ( زانینی ئاستی هەستی پەیوەستی بەنیشتیمان لای خوێندکارانی کۆلێجی پەروەردە-بەشی مێژوو )، توێژەران ناوەندی شیاو کێشی سەدی و پلەبەندی برگەکانیان کرد وەک لەخشتەی ژمارە (٥)دادیارە.

## خشتەی ژمارە(٥)

ناوەندی شیاو و کێشی سەدی و پلەبەندی برگەکانی تایبەت بە هەستی پەیوەستی بەنیشتیمانەوە ڕوندەکاتەوە

| ژ | برگە | هەمیشە | زۆرجار | هەندێک جار | بەکەمی | زۆربە کەمی | ناوەندی شیاو | کێشی سودی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | هەست بەلاوازی ئینتیمای نیشتیمانی دەکەم | ٣٥ | ١٥ | ١٠ | ١٠ | ٣ | ٣،٩٥ | ٪٧٩ | ١١ |
| ٢ | ژینگە و پێکهاتەکانی وڵاتەکەم هانم دەدات بۆ پاراستنی | ٥٠ | ٧ | ١٠ | ٦ | ٠ | ٤،٣٨ | ٪٨٨ | ٦ |
| ٣ | هەستدەکەم وەک هاوڵاتیەک ئەرک و مافم پارێزراوە | ١٠ | ١٢ | ٢٠ | ٥ | ٢٦ | ٢،٦٦ | ٪٥٣ | ١٦ |
| ٤ | کاردەکەم بۆ زیندوکردنەوەی کەلەپور و ڕۆشنبیری ناوچەکانی وڵاتەکەم | ٤٨ | ٧ | ١٥ | ٣ | ٠ | ٤،٣٧ | ٪٨٧ | ٧ |
| ٥ | ئەو بنەمایانە بەرەوپێش دەبەم کە هۆکارە بۆ سەرخستنی بەرژەوەندی گشتی بەسەر بەرژەوەندی تایبەتیدا | ٥٥ | ١٥ | ٣ | ٠ | ٠ | ٤،٧١ | ٪٩٤ | ٤ |
| ٦ | باوەڕم وایە کە بیرکردنەوە لەچارەسەرکردنی کێشەکانی وڵات ئەرکی هەمووانە | ٢٥ | ١٨ | ١٩ | ٥ | ٦ | ٣،٧٠ | ٪٧٤ | ١٣ |
| ٧ | گرنگی دان بە ئینتیمای نیشتیمانی هۆکارێکە بۆ چەسپاندنی ئاسایش و ئارامی | ٦٠ | ١٢ | ١ | ٠ | ٠ | ٤،٨١ | ٪٩٦ | ٣ |
| ٨ | هەوڵ دەدەم ڕەگەز و پێکهاتەکانی یەکڕیزی نیشتیمانی لەکۆمەڵگەدا بناسێنم | ٣ | ١٤ | ٢٢ | ١٠ | ٢٤ | ٢،٤٨ | ٪٥٠ | ١٨ |
| ٩ | پابەندی یاساو ڕێساکانی نیشتیمانم لەپێناوی پاراستنیدا | ٦٩ | ٤ | ٠ | ٠ | ٠ | ٤،٩٥ | ٪٩٩ | ١ |
| ١٠ | کەموکوڕی خاڵە نەرێنیەکان هانمدەدەن بۆ دورکەوتنەوە و جێهێشتنی وڵاتەکەم | ٤٨ | ١٠ | ٦ | ٧ | ٢ | ٤،٣٠ | ٪٨٦ | ٨ |
| ١١ | بەفیڕودانی سامانی نیشتیمانی بێزارم دەکات | ٦٥ | ٥ | ٣ | ٠ | ٠ | ٤،٨٤ | ٪٩٧ | ٢ |
| ١٢ | باوەڕم وایە وڵاتەکەم لەباشترین وڵاتەکانی دونیایە | ١٧ | ٤ | ١٩ | ١١ | ٢٢ | ٢،٧٦ | ٪٥٥ | ١٥ |
| ١٣ | ڕوبەڕوی هەرمەترسیەکی تێکدەدرانە دەبمەوە کەهۆکاربێت بۆلاوازکردنی وڵاتەکەم | ٤٤ | ١٢ | ٧ | ٩ | ٠١ | ٤،٢١ | ٪٨٤ | ٩ |
| ١٤ | باوەڕم وایە کە پاکوخاوێنی وڵات بەرپرسیاریەتی هەموانە | ٤٥ | ٩ | ١٥ | ٤ | ٠ | ٤،٣٠ | ٨٦ | ٨ |
| ١٥ | ئەنجامدانی بۆنە و چالاکییەنیشتیمانییەکان لەئاستی پێویستدایە و شارەزام دەکات لەهەستی پەیوەست بوون بەنیشتیمانەوە | ٧ | ٩ | ٣٨ | ١٤ | ٥ | ٢،٩٩ | ٪٦٠ | ١٤ |
| ١٦ | جەختدەکەمەوە لەسەر بۆنە و ڕۆژەنیشتیمانیەکان | ٥٣ | ١٦ | ٠ | ١ | ٣ | ٤،٥٨ | ٪٩٢ | ٥ |
| ١٧ | ئاینەکەم سەرچاوەیەکە و هانم دەدات بۆ خۆشەویستی نیشتیمان و گرنگی پێدان و مرۆڤ دۆستی | ٢٢ | ٤٤ | ٤ | ٢ | ١ | ٤،١٥ | ٪٨٣ | ١٠ |
| ١٨ | باوەڕم وایە کە وڵاتەکەم شایستەی ئەوەیە کەبەشداربم لەبونیادنان و گەشەپێدانیدا | ٣٣ | ١٨ | ٧ | ١٢ | ٣ | ٣،٩٠ | ٪٧٨ | ١٢ |
| ١٩ | ئەوکارەم پێباشترە کەلەوڵاتی خۆمدا دەیکەم ئەگەرچی داهاتەکەی کەمیش بێت | ٩ | ١٣ | ٥ | ١٧ | ٢٩ | ٢،٣٩ | ٪٤٨ | ١٩ |
| ٢٠ | کەمی خزمەتگوزاری و نەڕەخساندنی هەلی کار هۆکارنین بۆلاوازی ئینتمای نیشتیمانی | ١١ | ٨ | ٢١ | ٧ | ٢٦ | ٢،٦٠ | ٪٥٢ | ١٧ |

لەخشتەی ژمارە (٤)دا دەردەکەوێت کە زۆرینەی برگەکانی ئامرازی هەستی پەیوەستی بەنیشتیمانەوە بەشێوەیەکی گشتی لەئاستێکی باشدایە لەبەرئەوەی ناوەندی شیاویان لەسەرو (٣)وەیە و بەشێک لەبرگەکانیش ئاستێکی نزمی وەرگرتوە لەوانە برگەکانی (٣-٨-١٢-١٥-١٩-٢٠)سەرەرای ئەوەی هەندێک برگەی تر ئەگەرچی ناوەندی شیاویان بەرزە بەڵام لەرِوی راڤەی برگەکانەوە بەپێچەوانەوە راڤەدەکرێت، بەمشێوەیەش بەرزترین برگە بریتیەلە برگەی(٩) کەناوندی ژمێرەی بریتییەلە(٤،٩٥)، بەکێشی سەدی(٩٩٪)، بەپلەبەندی (١)، نزمترین برگەش بریتییەلە برگەی(١٩)، کەناوەندی شیاوی (٢،٣٩)، بەکێشی سەدی (٤٨٪)،بەپلەبەندی(١٩)، بۆیە توێژەران پێیان باش بوو تەنها راڤەی برگە لاوازەکان بکەن.

برگەی سێیەم: (هەستدەکەم وەک هاوڵاتیەک ئەرک و مافم پارێزراوە) ئەمبرگەیە ناوەندی شیاوی بریتییەلە (٢،٦٦)، بەکێشی سەدی (٥٣٪)، بەپلەبەندی (١٦)ئەمەش ئەوە نیشان دەدات خوێندکاران هەستدەکەن ئەرک و مافیان وەک پێویست دیاری نەکراوە.

برگەی هەشتەم (هەوڵ دەدەم رەگەز و پێکهاتەکانی یەکرِیزی نیشتیمانی لەکۆمەڵگەدا بناسێنم) ئەم برگەیە ناوەندی شیاوی بریتییەلە(٢،٤٨)، بەکێشی سەدی (٥٠)، بەپلەبەندی (١٨)ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە خوێندکاران بەئەرکی خۆیان نازانن کەرەگەز و پێکهاتەکانی یەکرِیزی نیشتیمانی بپارێزن.

برگەی دوانزەیەم (باوەرِم وایە وڵاتەکەم لەباشترین وڵاتەکانی دونیایە) ئەم برگەیە ناوەندی شیاوی بریتییەلە(٢،٧٦)، بەکێشی سەدی (٥٥)، بەپلەبەندی (١٥)، لەبەرئەوەی ئەم برگەیە لاوازە بۆیە خوێندکاران پێیان وایە کە وڵاتەکەیان لەباشترین وڵاتەکانی دونیانیە و کەموکورِی هەیە.

برگەی پانزەیەم(ئەنجامدانی بۆنە و چالاکییەنیشتیمانییەکان لەئاستی پێویستدایە و شارەزام دەکات لەهەستی پەیوەست بوون بەنیشتیمانەوە) ئەم برگەیە ناوەندی شیاوی بریتییەلە(٢،٩٩)، بەکێشی سەدی (٦٠)، بەپلەبەندی (١٤)، بۆیە زۆرینەی خوێندکاران پێیان وایە کە ئەنجامدانی بۆنە و چالاکییەنیشتیمانییەکان لەئاستی پێویستدا نیە و گرنگی ئەوتۆیان پێ نادرێت.

برگەی نۆزدەیەم(ئەوکارەم پێباشترە کەلەوڵاتی خۆمدا دەیکەم ئەگەرچی داهاتەکەی کەمیش بێت) ئەم برگەیە ناوەندی شیاوی بریتییەلە(٢،٣٩)، بەکێشی سەدی (٤٨)، بەپلەبەندی (١٩)، بۆیە زۆرینەی خوێندکاران پێیان وایە کەکارێکیان پێ باشتر کەداهاتەکەی باشتربێت ئەگەر لەوڵاتی خۆشیان نەبێت.

برگەی بیست(کەمی خزمەتگوزاری و نەرەخساندنی هەلی کار هۆکارنین بۆلاوازی ئینتمای نیشتیمانی) ئەم برگەیە ناوەندی شیاوی بریتییەلە(٢،٦٠)، بەکێشی سەدی (٥٢)، بەپلەبەندی (١٧)، بۆیە زۆرینەی خوێندکاران پێیان وایە کەکارێکیان پێ باشتر کەداهاتەکەی باشتربێت ئەگەر لەوڵاتی خۆشیان نەبێت.

٣- سەبارەت ئامانجی سێیەمی توێژینەوەکە کە بریتی یە لە ( زانینی ئاستی بەها کۆمەڵایەتییەکان و هەستی پەیوەستی بەنیشتیمان لای خوێندکارانی کۆلێجی پەروەردە- بەشی مێژوو بەپێی گۆراوی رەگەز (کورِ-کچ)، بۆدەرخستنی جیاوازی ئاماری لەنێوان هەردوو رەگەز توێژەران سودیان لەهاوکۆلکەی ئاماری (t.Test) وەرگرت بۆ دوو نمونەی سەربەخۆئەنجامەکان بەوشێوەیە بوو وەک لەخشتەی ژمارە (٦) دا خراوەتە روو.

**خشتەی ژمارە (٦)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (ت) بۆدوونمونەی سەربەخۆ بەمەبەستی زانینی ئاستی بەها کۆمەڵایەتییەکان و هەستی پەیوەستی بەنیشتیمان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز**

| جۆری گۆڕاو | ڕەگەز | نمونە | ناوەنی ژمێرەی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای (ت) ئەژمارکراو | بەهای (ت)خشتەی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەها کۆمەڵایەتییەکان | نێر | ٢٢ | ٥٦،٧١ | ١٦،٣٣ | ٧١ | ٠،٤٩ | ٢،٠٧ | بەڵگەدار نیە |
| | مێ | ٥١ | ٥٧،٤٤ | ١٨،٥٢ | | | | |
| هەستی پەیوەست بەنیشتیمان | نێر | ٢٢ | ٤١،٠٨ | ٢٣،١٢ | ٧١ | ٢،٦٢ | ٢،٠٧ | بەڵگەدارە |
| | مێ | ٥١ | ٤٠،٩٠ | ٢١،٨٩ | | | | |

ئەنجامەکان لەخشتەی ژمارە(٥) دا نیشانی دەدەن کەبەهای (ت)ئەژمارکراو بۆ گۆڕاوی بەهاکۆمەڵایەتییەکان بریتییەلە (٠،٤٩)کە بچوکترە لەبەهای تائی خشتەی کە بریتییەلە (٢،٠٧)بەنمرەی ئازادی (٧١)، لەئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥)، ئەمەش مانای ئەوەیە کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نیە لەنێوان ناوەندی ژمێرەی نمرەکان لەهەردوو ڕەگەزی نێرو مێ سەبارەت بەوەڵامەکانیان بۆبڕگەکانی ئامرازی بەها کۆمەڵایەتییەکان، بەواتایەکیتر وەڵامەکانی نمونەی توێژینەوکە لەهەردوو ڕەگەزی نێرو مێ تارادەیەکی زۆر لێکچوە، هەروەها لەبەرئەوەی کەبەهای (ت)ئەژمارکراو بۆ گۆڕاوی هەستی پەیوەست بەنیشتیمانەوە بریتییەلە (٢،٦٢) کە گەورەترە لەبەهای تائی خشتەی کە بریتییەلە (٢،٠٧)بەنمرەی ئازادی (٧١)، لەئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥)، ئەمەش مانای ئەوەیە کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لەنێوان ناوەندی ژمێرەی نمرەکان لەهەردوو ڕەگەزی نێرو مێ لەبەرژوەندی ڕەگەزی نێر، بەواتایەکیتر وەڵامی نمونەی توێژینەوەکە بۆ بڕگەکان لەم گۆڕاوەدا جیاوازە و هەستی پەیوەست بەنیشتیمان لای خوێندکارانی کوڕان باشترە تا خوێندکارانی کچان.

بەڕای توێژەران لێکچونی وەڵامەکان بۆئامرازی بەهاکۆمەڵایەتییەکان لەگۆڕاوی ڕەگەزدا دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کەکۆمەڵگەی کوردی لەبنەڕەتەوە خاوەنی کۆمەڵێک بەهاو خەسڵەتی پەسەند و باڵایە کەئەم بەهاو خەسڵەتانە ڕەنگدانەوەی تەواوی لەسەر تاکەکانی جێهێشتوە و وایلێکردون کەپابەندبن پێیوە.بەڵام سەبارەت بەگۆڕاوی هەستی پەیوەستی بەنیشتیمان ئەوە ئەوەی ڕەگەزی نێرزیاتر پەیوەستی کاری ڕێکخراوەی و کۆڕوکۆبونەوە جەماوەرییەکان و وزەیەکی زیندون بۆبەرپەرچدانەوەی هەر ئاڵنگارییەک کەڕووبەڕووی وڵات ببێتەوە بۆیە لەژێرکاریگەری ئەم هۆکارانەدان.

٤- سەبارەت بەئامانجی چوارەمی توێژینەوەکە بریتییەلە ( زانینی ئاستی بەها کۆمەڵایەتییەکان و هەستی پەیوەستی بەنیشتیمان لای خوێندکارانی کۆلێجی پەروەردە- بەشی مێژوو بەپێی گۆڕاوی جوگرافی (ناوشار- دەرەوەی شار)، بۆدەرخستنی جیاوازی ئاماری لەنێوان خوێندکارانی نمونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی جوگرافی (ناوشار- دەرەوەی شار) توێژەران سودیان لەهاوکۆلکەی ئاماری (t.Test) وەرگرت بۆ دوو نمونەی سەربەخۆئەنجامەکان بەوشێوەیە بوو وەک لەخشتەی ژمارە (٧) دا خراوەتە ڕوو.

**خشتەی ژمارە (٧)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (ت) بۆدوونمونەی سەربەخۆ بەمەبەستی زانینی ئاستی بەها کۆمەڵایەتییەکان و هەستی پەیوەستی بەنیشتیمان بەپێی گۆڕاوی جوگرافی (ناوشار – دەرەوەی شار)**

| جۆری گۆڕاو | ڕەگەز | نمونە | ناوەنی ژمێرەی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای (ت) ئەژمارکراو | بەهای (ت) خشتەی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەها کۆمەڵایەتییەکان | نێر | ٢٢ | ٢٤،٠٣ | ١١،٦٨ | ٧١ | ١،٧٣ | ٢،٠٧ | بەڵگەدار نیە |
| | مێ | ٥١ | ٢٥،٩١ | ١٢،٤٩ | | | | |
| هەستی پەیوەست بەنیشتیمان | نێر | ٢٢ | ١٦،٨٢ | ١٧،٩٥ | ٧١ | ١،٣٨ | ٢،٠٧ | بەڵگەدار نیە |
| | مێ | ٥١ | ١٦،٠٣ | ١٨،١١ | | | | |

ئەنجامەکان لەخشتەی ژمارە(٦)دا نیشانی دەدەن کەبەهای (ت)ئەژمارکراو بۆ گۆڕاوی بەهاکۆمەڵایەتییەکان بریتییەلە (١،٧٣) کە بچوکترە لەبەهای تائی خشتەی کە بریتییەلە (٢،٠٧)بەنمرەی ئازادی (٧١)، لەئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥)، ئەمەش مانای ئەوەیە کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نیە لەنێوان ناوەندی ژمێرەی نمرەکان بەپێی گۆڕاوی جوگرافی (ناوشار – دەرەوەی شار)، واتە وەڵامی خوێندکاران سەبارەت بەئامرازی توێژینەوکە لەم گۆڕاوەدا بەپێی پێگەی جوگرافی تارادەیەکی زۆر وەک یەکە، سەبارەت بە گۆڕاوی هەستی پەیوەست بەنیشتیمان لەبەرئەوەی کەبەهای (ت)ئەژمارکراو بۆ گۆڕاوی هەستی پەیوەست بەنیشتیمانەوە بریتییەلە (١،٣٨) کە بچوکترە لەبەهای تائی خشتەی کە بریتییەلە (٢،٠٧) بەنمرەی ئازادی (٧١)، لەئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥)، ئەمەش مانای ئەوەیە کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نیە لەنێوان ناوەندی ژمێرەی نمرەکان بەپێی گۆڕاوی جوگرافی (ناوشار – دەرەوەی شار)، بەواتایەکیتر خوێندکارانی ناوشار و دەرەوەی شار تێڕوانین و بۆچونیان سەبارەت بەبڕگەکانی ئەم ئامرازە وەک یەکە.

بەڕای توێژەران هۆکاری لێکچوونی وەڵامی نمونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی جوگرافی (ناوشار – دەرەوەی شار) بۆئەوە دەگەڕێتەوە کەلەئێستادا بەهۆی کاریگەری سۆشیالمیدیا وتۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە لەکۆمەڵگەی کوردیدا جیاوازییەکی ئەوتۆلەنێوان شار و دەرەوەی شاردا نەماوە، بۆیە خوێندکاران بەئاسانی دەتوانن پەیوەندی بەیەکەوە بکەن و بیروڕاکانیان ئاڵوگۆڕبکەن.

ئەم ئەنجامانەی لەم توێژینەوەیەدا بەدەستهاتوە لەهەردوو گۆڕاودا جیاوازە لەتوێژینەوەکانی(النبهانی–٢٠٢٠، الدوسری–٢٠٢٠، الزهایمه والقاعود–٢٠٢٠، مریم – ٢٠١٩، حمیده–٢٠٢١ )بەڵام هاوتایە لەگەڵ توێژینەوەی ( عقیلات–٢٠١٩)

**دەرئەنجامەکان:**

توێژران بەپێی ئەنجامە بەدەستهاتوەکان گەیشتن بەم دەرئەنجامانەی خوارە:

١– ئاستی خوێندکارانی بەشی مێژوولەکۆلێجی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان–سیدسادق– لەزانکۆی سلێمانی لەبەها کۆمەڵایەتییەکان و هەستی پەیوەستی بەنیشتیمان بەشێوەیەکی گشتی لەئاستێکی باشدایە بەپێی ئاماژەکانی ناوەندی شیاوی برگەکان ئەگەرچی هەندێک لەبرگەکان ئاستێکی لاوازیان وەرگرتوە لەهەردوو ئامرازی توێژینەوەکەدا.

٢– بەشێوەیەکی گشتی هیچ جیاوازیەکی بەرچاو نیە لەنێوان ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە بۆ ئامرازی بەهاکۆمەڵایەتییەکان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر –مێ)، ئەمەش واتە هەردوو ڕەگەز بۆچونیان وەک یەکە دەربارەی بەها کۆمەڵایەتییەکان و هەستی پەیوەست بوون بە نیشتمانەوە لای خوێندکارانی بەشی مێژوو .

٣- ئەنجامە بەدەستهاتووەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە تێڕاوانینی هەردوو ڕەگەز بۆ ئامرازی هەستی پەیوەست بەنیشتیمان جیاوازە لەبەرژەوەندی ڕەگەزی نێر ئەمەش ئەوە دەردەخات ڕەگەزی نێر لەگۆڕاوی هەستی پەیوەست بوون بەنیشتیمان ئاستیان بەرزترە لەڕەگەزی مێ.

٤- خاڵێکیتر لەدەرئەنجامە گرنگەکانی ئەم توێژینەویە ئەوەیە کە خوێندکارانی (ناوشار- دەرەوەی شار ) هاوڕان سەبارەت بە بڕگەکانی بەها کۆمەڵایەتییەکان و هەستی پەیوەست بەنیشتیمان، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە خوێندکارانی زانکۆ هەمان هەستی خۆشەویستی و پەیوەستبوون بەنیشتیمانیان هەیە و پابەندی بەها کۆمەڵایەتییەکانن و پەیوەستن پێیەوە.

**ڕاسپاردەکان**

بە پشتبەستن بە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە توێژەران ئەم ڕاسپاردانە دەخەنە ڕوو:

١- وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لەڕێگەی زانکۆکانەوە کاربکەن بۆ سازدانی کۆنفرانس و سیمینار و وۆرکشۆپ بۆ پەروەردەکاران ودەرونزانا و زانایانی ئایینی لەسەر پرسی پەیوەست بوون بەنیشتیمان و بەهاکان بە شێوەیەکی گشتی و بەها کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەی تایبەت کە لەگەڵ سەردەمی مۆدێرن بگونجێت گرنگی دان بە چاندنی بەهاکان لای تاکەکاندا بەگشتی و توێژی خوێندکاران بەتایبەتی وەک پێکهاتەیەکی بنەڕەتی بۆ ڕێگریکردن لە تاوان.

٢- دام و دەزگا فەرمییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان تایبەت وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی کاربکەن بۆکەمکردنەوەی ستەم و جیاکاری لەکۆمەڵگەدا لەڕێگەی فەرهەمکردنی هەلی کار و باشکردنی بژێوی و وشارکردنی ئەندامانی کۆمەڵگە بۆئەوەی خوێندکاران هەست بەستەم و جیاکاری نەکەن لەژینگەی کۆمەڵایەتیاندا.

٣- پێویستە مامۆستایان لەسەرجەم قۆناغەکانی خوێندن بەگشتی قۆناغی زانکۆ بەتایبەتی کاربکەن لەسەر ئەوەی کە پێنج خولەکی سەرەتا یان کۆتایی پرۆسەی وانەوتنەوەیان تایبەت بکەن بە بابەتی بەهاکۆمەڵایەتییەکان و هەستی پەیوەست بوون بەنیشتیمان لای خوێندکاران لەپێناو گەشەپێدان و مانەوەی ئەم بەهایانە وەک پێکهاتە و بابەتێکی گرنگی کۆمەڵگە.

٤- کاربکرێت بۆنەهێشتنی کەموکوڕی و خاڵە نەرێنییەکان و پەرەسەندی ئاستی خزمەتگوزاری لەکۆمەڵگەدا بۆئەوەی ئەو هەستە لای خوێندکاران دروستبکرێت کەنیشتیمان و وڵاتەکەیان لەباشترین وڵاتەکانی دونیایە.

٥- گرنگی تایبەت و زیاتربدرێت بەبۆنە و چالاکییە نیشتیمانیەکان لەناوەندی زانکۆ و دام و دەزگا فێرکارییەکاندا و ئەوڕۆژانەی کەبۆنەوچالاکی نیشتیمانی تێدایە لەخشتەی بۆنەفەرمییەکاندا جێگیربکرێن تا لەڕێگەی چالاکی جۆراوجۆرەوە ئەم ڕۆژانە بەخوێندکاران ئاشنابکرێن بۆئەوەی لەهزرویادەوەریاندا جێگیربکرێت.

**پێشنیارەکان**

توێژەران پێشنیاری ئەم ناونیشانانەدەکەن:

١- ئەنجامدانی توێژینەوەیەکیتر بەهەمان ناونیشان بۆهەرقۆناغێک لەقۆناغەکانی (بنەڕەتی- ئامادەیی)

٢-وەرگرتنی یەک گۆڕاو بۆئەنجامدانی توێژینەوەیەکی تری زانستی کەتیایدا سەرجەم خوێندکارانی زانکۆ بەشداری پێبکرێت.

٣- پەیوەندی نێوان هەستی پەیوەست بوون نەنیشتیمان و ئاستی زانستی لای خوێندکارانی زانکۆ.

٤- ئاستی بەهاکۆمەڵایەتییەکان و هەستی پەیوەست بوون بەنیشتیمان لای خوێندکارانی خوێندنگە ئەهلی و حکومییەکان.

**سەرچاوەکان**

**سەرچاوە بەزمانی کوردی:**

١- قادر، ڕەمەزان حمد امین (٢٠١٦) سایکۆلۆژیای منداڵ لە باخچەی ساوایان،کتێبخانەی سۆفیا- کۆیە، چاپی یەکەم .

**سەرچاوە بەزمانی عەرەبی:**

٢– العصاف ، صالح بن حمد، (١٩٩٥)، المدخل الى البحث فى العلوم السلوكية، مكتبة العبيكان، الرياض .

سەرچاوەكان

٣– العزب، سهام احمد، و الجوهري، سحر على، و باجنيد، بسمة ابوبكر، (٢٠٢٢)، مستوى النتماء الوطني واساليب تعزيزه لدى عينة من طلاب جامعة الملك عبدالعزيز، شؤون الاجتماعية، العدد(١٥٣)، ربيع ٢٠٢٢–السنة٣٩.

٤– القرني، عبدالله محمد، (٢٠١٩)، تطوير مقياس الئينتيماء الوطني علي عينة من المجتمع السعودي في ضوء بعض التغيرات الديموغرافية، مجلة العلوم التربوية و النفسية، المجلد (١٢)العدد (٤)

٥– عايز، امل اسماعيل(٢٠١٠)، قياس قيم الاجتماعية و علاقتها بتقبل الذات لدى طلبة الجامعة، مجلة الفتح، العدد الخامس والاربعون، كانون الاول(٢٠١٠).

٦– البسكري، محمود مصطفى محمد(٢٠٢١)، المدرسة ودورها في تنمية القيم االجتماعية لدى الطالب دراسة ميدانية مطبقة على طالب المدارس الاعدادية لمراقبة تعليم طرابلس المركز، مجلة كليات التربية، العدد الثاني العشرون، يوليو(٢٠٢١).

٧– الجموعي، مؤمن بكوش، و قبقوب، عيسى(٢٠١٣)، القيم الاجتماعية و علاقتها بالتوفق النفسي الاجتماعي لدى الطالب الجامعي، رسالة ماجسترغير منشورة، جامعة محمد خضير –بسكرة – قسم العلوم الاجتماعية.

٨– الصادق، محمد محى الدين(٢٠٢٢)، بناء مقياس الئينتيماء الوطني و علًاقة بارادة العطاء لدى طلبة الجامعة، مجلة العلوم التربوية والانسانية، العدد(٢٢)، مايو(٢٠٢٢).

٩– نبيل عبد الفتاح وآخرون: علم النفس الاجتماعي، (بدون طبعة ،القاهرة ، مكتبة الزهراء الشرق ، ٢٠٠٠).

١٠– جابر، جودة بني. (٢٠٠٤). علم النفس الاجتماعي. دار الثقافة للنشر والتوزيع: عمان.

١١– كامل علوان الزبيدي، علم النفس الاجتماعي، مؤسسة الوراق، عمان، ٢٠٠٣، ص ١٣٨.

١٢– زهران، سناء حامد، ٢٠٠٤م، ارشاد الصحة النفسية لتصحيح مشاعر ومعتقدات الاغتراب، عالم الكتب، القاهرة ، مصر.

١٣– مكفلين، روبرت، وغروس، رتشارد (٢٠٠٢) ، مدخل علم النفس الأجتماعي ، ترجمة ياسمين حداد وآخرون ، ط١، دار وائل للنشر، الأردن،ص٢٢.

١٤– سمية سلمان العجرمي، دراسة تحليلية للقيم المتضمنة في كتب التربية الإسلامية والاجتماعية وحقوق الانسان للصف الرابع الأساسي بفلسطين، رسالة لنيل شهادة الماجستير، فرع المناهج وطرق التدريس، ٢٠١٢.

١٥– يخوش وليد، نصيب أسماء، تأثير الفايسبوك على القيم الاجتماعية لدى الطالب الجامعي، مجلة الجامعة في الدراسات النفسية والعلوم التربوية، الجلد ٢، العدد٦ ،٢٠١٧، ص١٦٣

١٦– محمد الجوهري، واخرون، في الانثروبولوجيا. دار المعارف، القاهرة، ١٩٨٠، ص: ٦٢

١٧– التل، سعيد (٢٠٠٩)، مقدمة في التربية السياسية لأقطار الوطن العربي، عمان: دار اللواء. ص:٤٨

١٨– حمايل، عبد احمد يوسف، ٢٠١١م،دور اذاعة "أمن اف ام في تعزيز النتماء الوطني لدى الطلبة الجامعيين" جامعة الشرق الاوسط أنموذج ، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الاعلام، لبنان.

١٩– الوقفي، راضي(١٩٩٨). مقدمة في علم النفس. عمان، الاردن.

٢٠– الشواري ، اباد ، (٢٠٠٣) تطور مفهوم السلطة عند الطلبة الاردنيين وعلاقته ببعض المتغيرات ، رسالة دكتوراه ، جامعة عمان العربية ، عمان ، الاردن.

٢١– الخضور ، علي سلامة ، (٢٠٠٦) تطور مفهوم النتماء لاجى طلبة المدارس الاساسية الاردنية ، رسالة دكتوراه ، كلية الدراسات العليا ، الجامعة الاردنية.

٢٢– جلال ، سعد ، ( ١٩٨٩) . علم النفس الاجتماعي ، ط ٣ . منشورات جامعة قار يونس ، بنغازي.

٢٣– ارجائيل ، ميشيل ، (١٩٨٢) . علم النفس ومشكلات الحياة الاجتماعية ، ترجمة عبد الستار ابراهيم ، مكتبة.

٢٤–صالح ، قاسم حسين ، ( ١٩٨٣) . الانسان من هو ، ط٣، دار الحكمة للنشر والترجمة و التوزيع ، بغداد ، العراق.

٢٥–ابراهيم السيد السيد، البناء القيمي وعلاقته بالتنشئة الاجتماعية والدافعية للإنجاز، رسالة دكتوراه، قسم العلوم الاجتماعية،٢٠٠٥

٢٦–طارق عبد الرؤوف ، ،ايهاب عيسى المصرى،القيم التربويه و الاخلاقيه، مفهومها– اسسها –مصادرها ، تقديم صديق محمد عفيفي ، القاهرة مؤسسة طيبة للنشر والتوزيع،٢٠١٣م، ص١٩–٢٠.

٢٧–حيدر كمونة، مشكلة التحضر في العالم المتطور والنامي، مجلة دراسات عربية، العدد ١٢٥، بيروت ١٩٨٨.

٢٨-ابتسام سعدون محمد (٢٠٠٤) بناء برنامج التنمية المحتوى التعليمي لدى طالبات المرحلة الإعدادية ، أطروحة دكتوراه جامعة المستنصرية، العراق، ص ٤١

٢٩-المعايطة خليل عبد الرحمان، علم النفس الاجتماعي، الأردن، ط٢، دار الفكر، ٢٠٠٧، ص ١٨٠.

٣٠-محمّد عباس إبراهيم، التنمية والعشوائيات الحضرية، اتّجاهات نظرية وبحوث تطبيقية، دار المعرفة الجامعية، الإسكندرية، ٢٠٠٣ ، ص٢٨٤.

٣١-جان بول رزفبر، فلسفة القيم ، ترجمه عادل العوا، بيروت، عويدات للنشر والطباعة:٢٠٠١ ، ص٢٦.

٣٢-محمود جاد، الاتّجاهات النظرية لعلم الاجتماع في البلاد النامية، عرض نقدي ورؤية نظرية، دار العالم الثالث، القاهرة: ص٤٩.

٣٣-أحمد زايد، التحولات الاجتماعية وقيم العمل في المجتمع القطري، مركز الوثائق والدراسات الإنسانية قطر: ١٩٩٤، ص٩٤.

٣٤-الهزايمة، لبنى محمد خلف والقاعود، إبراهيم عبد القادر. (٢٠٢٠). أزمة القيم ودور كتب التربية الاجتماعية والوطنية للمرحلة الأساسية في مواجهتها من وجهة نظر المعلمين.

٣٥-الدوسري، راشد بن ضافر. (٢٠٢٠). غرس قيم العمل التطوعي لطلاب المرحلة الابتدائية من وجهة نظر المعلمين. مجلة الجامعة الإسلامية للدراسات التربوية والنفسية، ١)٢٨)، ٨١-١٠٧

٣٦-النبهاني، سعود بن سليمان بن مِطر. (٢٠٢٠). درجة إسهام كتب الدراسات الاجتماعية بمرحلة التعليم الأساسي في سلطنة عمان في تنمية قيم التعامل مع الآخر. المجلة الدولية للدراسات التربوية والنفسية، العدد ١٩٦-٢٤٠ ،٨.

٣٧- محمد ابراهيم عسلية (٢٠١٦). التطرف وعلاقته بضعف النتماء لدى الشباب الجامعي بمحافظات غزة مجلة العلوم الاجتماعية،٢٣٠-١٨٨ ، (١) ٤٤

٣٨- عقيلات، سليمان نميلات،(٢٠١٩) الأمن النفسي وعلاقته النتماء الوطني لدى طلبة جامعة القدس المفتوحة، مجلة جامعة فلسطين التقنية للأبحاث، فلسطين،

٣٩- مريم، محمد عبد، (٢٠١٩) الشعور النتماء لدى طلاب الجامعة، رسالة ماجستير منشورة، جامعة القادسية، كلية التربية

٤٠- نهى، حميدة رمضان زكي(٢٠٢١)، النتماء لدى طلاب الجامعة في ضوء بعض المتغيرات، مجلة كلية التربية، أكتوبر، الجزء الثالث

٤١- الزبيدي، نوال. (٢٠١٩). خصائص النتماء الوطني وأثرها في تعزيز الهوية الوطنية لدى طلبة الجامعات. مجلة كلية التربية، جامعة البصرة، ٣٥(١٢)، ١٥٥-١٧٨

٤٢- قطامي، يوسف(٢٠٠٠): نمو طفل المعرفي و اللغوي، الاهلية، عمان- الاردن.

## سەرچاوە بەزمانی ئینگلیزی:

43- Philip T., Struble M., Gallagher A., Hagerty M., Larson L. (2020). Assisted living Residents' Sense of Belonging and Psychosocial Outcomes, School of Nursing, University of Michigan, Ann Arbor, MUSA. Available on.